# سيما ئەفسانەييەكان
# لە ڕۆمانی 'كەندالّی نەزر'ی بەناز عەليدا

**پ. ی. د. جەلال ئەنوەر سەعيد**
بەشی زمانی کوردی
کۆلێژی پەروەردە – مەخموور
زانکۆی سەلاحەددین
jalal.saeed.su.edu.k

**د. سومەییە نەجیب خەلیل**
بەشی کیمیا و پترۆکیمیا
کۆلێژی ئەندازیاری
زانکۆی سەلاحەددین
sumaya.khalil@su.edu.krd

**پوختە**

گرنگترین خاڵی پەیوەندیی نێوان ڕۆمان و ئەفسانە 'کۆ نەست'ی مرۆڤە. دواتریش 'کەونە چەشنەکان' کە بنەمای سەرەکی ئەفسانەکانن. بوونی ئەم نزیکییەی نێوان ئەم دوو جۆرە ئەدەبییە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەخنەیەکی نوێ بەناوی 'ڕەخنەی ئەفسانەیی'. ئەم جۆرە ڕەخنەیە بایەخ بە چۆنییەتی دەرکەوتنی ئەفسانە و کەونە چەشنەکان دەدات لە دەقی ئەدەبیدا. لە ڕۆمانی 'کەنداڵی نەزر'دا نیشانە و کەونە چەشنی ئەفسانەیی بە شێوەی دیار و شاراوە بەدی دەکرێت، کە بەخوێندنەوە و لێکدانەوەیان دەکرێت خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ دەقی ڕۆمانەکە بکرێت. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیارکردنی تایبەتمەندیی ئەفسانەیی و کەونە چەشنی ئەم ڕۆمانەیە لەسەر بنەمای ڕەخنەی ئەفسانەیی. خوێندنەوەی ڕۆمانی 'کەنداڵی نەزر' بەم شێوازە، وێڕای ئاشکراکردنی جیهانی ئەفسانەیی، ئەوە دەردەخات کە یەک لە بنەما گرنگەکانی ئەم ڕۆمانە، ڕۆچوون و هەرەسهێنانی ئێزدە ئافرەتە. ئەم خانمە ئێزدانە لە دونیای مۆدێرندا ڕووبەڕووی وێنەی پێچەوانەی جیهانەکەی پێشوویان دەبنەوە و پلە بە پلە دەگۆڕێن و تایبەتمەندیی ئێزدانی لەدەست دەدەن. ئاریا بەهۆی ئەو

گومانەی کە لەگەڵ لەدایکبوونی ئەهریمەن بەدیاری پێی بەخشی. بەرامبەر وێنەی زەینی کە مرۆڤە دەوەستێ و لەئەنجامدا هێز و دەسەڵاتی ئێزدی لەدەست دەدات و دەبێتە کچێکی بێ نرخ و لەلایەن پیاوەوە توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت و تەنانەت هەوڵی دەستدرێژی و کوشتنیشی دەدرێت .

**وشە سەرەکییەکان:** کەنداڵی نەزر، ڕەخنەی ئەفسانەیی، کەونە چەشن، خانمە ئێزدەکان، کات و شوێنی ئەفسانەیی.

## پێشەکی

ڕوون و ئاشکرایە کە تێکەڵکردنی ژانرە ئەدەبییەکان لە سەردەمی کلاسیکدا شتێکی ڕێپێدراو نەبووە. جیاکردنەوەی تراجیدیا و کۆمیدیا لەسەر بنەمای جیاوازیی چینایەتی بووە. تراجیدیا تایبەت بووە بە چینی سەرەوەی کۆمەڵ و کۆمیدیاش تایبەت بووە بە چینی خوارەوە. وەك چۆن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕێگە نەدراوە ئەم دوو چینە تێکەڵی یەکتر ببن، بەو شێوەیە ڕێگە نەدراوە کە تراجیدیا و کۆمیدیاش تێکەڵی یەکتر ببن. بۆیە بە هیچ شێوەیەك لە تراجیدیا دیمەنێکی کۆمیدی نابینرێت و لە کۆمیدیاش دیمەنێکی تراجیدیا نابینرێت. لە دوای سەرهەڵدانی ڕێبازی رۆمانسیزمەوە ئەم جیاکردنەوەیە وردە وردە کەم بووەوە و چیتر ئەو پاکژی جۆرەی کە ئەرستۆ بانگەشەی بۆ دەکرد نەما و ژانرەکانیش تێکەڵ بوون و لە کانیاوی یەکتردا تینوویەتی خۆیان دەشکان و دەشکێنن. ئەوەتا ئەفسانە و ئەفسانەکان، تێگەیشتنی مرۆڤی کۆنە بەرانبەر گەردوون و هەموو ئەو دیاردە و ڕووداوانەی کە تێیدا و لە دەوروبەریدا ڕوودەدەن و بەشێکی گرنگیش لە میراتی کولتووری شاراوەی هەموو میللەتانی دونیا پێکدەهێنن، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەبن بەسەرچاوەیەکی باش بۆ ڕۆماننووسان تاکو لە پێناو گەیاندنی پەیامێکی تازە و تایبەتیدا، لە دەقەکانیاندا بیانمەزرێنن.

لەم سۆنگەیەوە ئێمەش ڕۆمانی (کەندالّی نەزر)مان کردووە بە کەرەستەی توێژینەوەکەمان، چونکە یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە سیماکانی ئەفسانە ڕووبەرێکی فراوانی تێدا داگیر کردووە. بەپێی زانیاریی ئێمەش تاکو ئێستا لە ڕووی پراکتیکەوە، جگە لە نامەیەکی دکتۆرا کە بەڕێز (نیعمە قەرەنی) دەینووسێت و تاکو ئێستا تەواو نەکراوە، هیچ توێژینەوەیەکی دیکە سەبارەت بە تێکەڵبوونی ئەفسانە و ڕۆمان ئەنجام نەدراوە.

ناونیشانی توێژینەوەکەمان، ئەوە دەخوازێت کە توێژینەوەکە بە میتۆدی ڕەخنەی ئەفسانەیی ئەنجام بدەین، کە یەکێکە لە میتۆدەکانی خوێندنەوەی دەق و پەیبردنە بە لایەنە شاراوەکانی و بایەخ بە دۆزینەوەی ناوەڕۆکی ئەفسانەکان و کەونە چەشنەکان و تایبەتمەندی و کاریگەرییان لە ئەدەبیات دەدات.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا بەکورتی باس لە ڕەوتی مێژوویی ڕەخنەی ئەفسانەیی کراوە. لە تەوەری دووەمیشدا بە پشتبەستن بە میتۆدی ڕەخنەی ئەفسانەیی باس لە چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی (ئایین، کلتوور، ئەفسانە) لە ڕۆمانەکەدا کراوە. دواتریش بە پشتبەستن بە ڕوانگەی یۆنگ و بە شێوەی تیۆری و پراکتیکی باس لەو کەونە چەشنانە کراوە کە لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە. لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان تۆمار کردووە، لەگەڵ لیستی ئەو سەرچاوانەی کە لە توێژینەوەکەدا سوودیان لێ وەرگیراوە.

## تەوەری یەکەم

**١-١ ئەفسانە و ڕۆمان :**

ئەفسانە بەشێکی گرنگی میراتی کولتووری شاراوەی هەر میللەتێکە، نەریت و بیروباوەڕی مرۆڤی کۆن پیشاندەدات، کە بەسەرهات و" چیرۆکی خواوەندەکانە، واتە ئەو ڕۆژگارەی کە مرۆڤ خواوەندەکانیان لە نێو خۆیاندا دەبینی و سەرزەمینیان بە جێگە و بارەگای ئەوان دەزانی و ئەفسانەیان وەکو بەسەرهات و مێژوو- مێژووی پیرۆز- ی خواوەندەکان دەگێڕایەوە و دەبیست." (حەسەن، ٢٠٢٠، ٣٢). بەڵام کاتێک کە مرۆڤ تەکنەلۆجیای داهێنا و پێشکەوت، ئیتر وردە وردە داهێنانی ئەفسانە جێی خۆی گۆڕییەوە بە چنینی ئەفسانەیی. واتە، ئەفسانە سەربەخۆیی خۆی لەدەست دا و تێکەڵ بە بابەتگەلی دیکەی وەکو ئەدەب بوو. بەمەش پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ژانرە ئەدەبییەکاندا دروستکرد، بەجۆرێک هەندێک لە ڕەخنەگرانی وەکو 'فرای' لەوپەڕی بوێریدا ئەدەب و ئەفسانە بە یەکسان دەزانن و لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەفسانە بنجی پێکهاتەیی و سازێنەری فۆرمی ئەدەبین" (مۆرگان، ٢٠١٤، ٢٥٨). چونکە ئەفسانە "پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئەدەبی نووسراوەوە هەیە.. وێنەی کێشەی نێوان مرۆڤ و سروشت دەرئەخات، کە ئەمەش لە ئەدەبە نووسراوەکاندا، بەتایبەت چیرۆک و ڕۆماندا، وێنەی چاکە و وێنەی خراپە، ئەم سەرەتایە لە ئەفسانەوە سەری هەڵداوە." (ڕەسوڵ، ١٩٨٤، ١٨١).

دیارترین سیمای ئاوێزانبوونی ئەفسانە و ئەدەب لە ژانری ڕۆمانی نوێدا بەدی دەکرێت، چونکە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی نوێ شکاندنی سنووری نێوان ئەدەب و دەرەوەی ئەدەبیات بوو، ئەمەش "دیاریدەیەکی تایبەتی ڕۆمانی نوێیە و هەموو ڕۆماننووسە نوێیەکان ڕایان لەسەر هەیە و بە کردەوەش جێبەجێیان کردووە، دەستیش لە هیچ ناگێڕنەوە، ئەدەب بێ زانست

بێ، ئەفسانە، کولتوور..." (ڕۆژبەیانی، ۲۰۰۸، ۹۰). لێرەدا ڕاستە "ڕۆماننووس ئازادە سوود لە هەر کەرەستەیەکی وەکو ئەفسانە و مێژوو وەردەگرێت کە بەپێویستی دەزانێت و پێیوایە باشتر خزمەتی مەبەست و ئامانجەکانی دەکات" (مونیف، ۲۰۰٦، ٧٤)، بەڵام بە مەرجێک لە بەرژەوەندیی لایەنی هونەری و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا بێت. واتە "مەبەستمان بەکارهێنانییەتی بە شێوەیەکی تازە و گیانی نوێی بکرێتەبەر بۆ خستنە ڕوو و بەرجەستەکردنی کێشەیەک، یان ڕووداوێکی ئەمڕۆمان بۆئەوەی کاریگەری هەبێت و هەست بزوێنەر بێت." (جاف، ۱۹۸۵، ٦۲) نەوەک تەنیا ئامانجی پاراستن و وەبیرهێنانەوەی دەقە ئەفسانەییەکە بێت.

دەرکەوتنی ئەم جۆرە ڕۆمانە لەناو کورددا دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەم، هەندێک لە ڕۆماننووسانی حەفتاکان توانییان بە شێوەی جۆراوجۆر فۆلکلۆر بمەزرێنن و سوود لە هێزی هەقایەتی ئەفسانەیی و خورافی وەربگرن و بیکەن بە هێمای خێر و شەڕ. وەکو نموونەی سەرەتایی دەکرێت ئاماژە بە ڕۆمانگەلی وەکو، (قەڵای دم دم، ئەفسانەی چیای ئاگرین، ئاسۆس) بکرێت کە لە بنیاتی ڕۆمانەکانیاندا سوودیان لە ئەفسانە وەرگرتووە. بەڵام یەکەم تۆمار لەم بارەیەوە لە باشووری کوردستان ڕۆمانی 'ڕێگا'ی (محەمەد مەولود مەم)ە کە بەزمانی کوردی نووسراوە و خەڵاتی باشترین ڕۆمانیشی وەرگرتووە. (ڕەشید، ۲۰۰۷، ۸۹). دوا بەدوای ئەمانە موتوربەکردنی ئەفسانە بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕۆمانی نوێی کوردیدا بەدی دەکرێت.

جێی باسە 'بەناز عەلی' یەکێکە لە ڕۆماننووسە نوێیەکانی دوای ڕاپەڕین، کە بە شێوەیەکی بەرچاو بایەخ بە دۆزی ئافرەت و پاراستنی کەلەپوور و زمان دەدات. هەر بۆیە لە نووسینی ڕۆمانی 'کەندالّی نەزر' دا کە بابەتی توێژینەوەکەمانە، سوودی لە چەندین جۆری ئەفسانە و مێژوو و بابەتی

کولتووری وەرگرتووە و ئاوێتەی ڕۆمانەکەی کردووە، تاکو بە شێوەیەکی هێما ئامێز گوزارشت لە چەندین کێشەی ئافرەت بکات لە کۆمەڵگەی کوردیدا. چونکە "سوود وەرگرتن لە ئەفسانە و موتوربەکردنی لەلایەن-ڕۆماننووسەوە- دەکرێت بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بێت کە سەرەکیترینیان و گرنگترینیان دروستکردن و پیشاندانی واقیعێکی دیکەیە کە دەکرێت خەونی -ڕۆماننووس- و لە هەمان کاتدا خەونی خوێنەرەکەی بێت." (عەلی، ٢٠١٧، ١٢٠) یاخود "ڕێگایەکی کاریگەرە بۆ پێکانی ئەو نیازە کە دەشێ لە بارودۆخێکی ئاسایی و لەناو سیمبەندی کۆمەڵایەتیدا بەو شێوە ڕاستەقینەیە دەرنەبڕدرێ." (سەراج، ٢٠٠٧، ٦٧). بێگومان ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە "گێڕانەوەی ڕۆمانێک لەسەر ئاوێتەکردنی واقیع و خەون و خەیاڵ و ئەفسانە و مەزراندنی هونەرییانەی کەلەپوور و بیروباوەڕی میللی لەلایەکی دیکەوە چنینێکی ئاڵۆزی هەیە و ئەرکێکی قورس دەکەوێتە ئەستۆی گێڕەرەوە، چونکە پێویستدەکات هاوسەنگیی جیهانەکان بپارێزێت." (عەلی، ٢٠١٢، ١١٦) کەواتە، بۆ ئەوەی ئەفسانە بە باشترین شێوە لە ڕۆماندا بمەزرێت، "واباشترە پێکهاتە و مەبەستی ئەفسانەکە لەگەڵ جەستە و ڕەهەندی ڕۆمانەکە ئاوێتەی یەک بن و لقەکانیان لێک بئاڵێن... " (عەلی،٢٠١٢، ١١٦) بێگومان هەموو ئەمانەش ئەرکە و دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆماننووس و لە هەمان کاتیشدا توانای ڕۆماننووس پیشاندەدات.

لە ڕۆمانی (کەنداڵی نەزر)دا کە کەرەستەی باسەکەمانە، وەکو ئاماژەی پێکرا، چەندین بابەتی ئەفسانەیی و مێژوویی، کولتووری و ئایینی مەزرێنراوە، لە هەمان کاتدا ڕۆماننووس هەوڵیداوە بەرگێکی ئەفسانەیی بەبەر هەموو بابەتەکاندا بکات، بۆ ئەوەی سیما ئەفسانەییەکە زیاتر لە بابەتەکانی دیکە بەرجەستە بێت. بۆ ئەم مەبەستەش ڕەچاوی چەند تەکنیکێکی کردووە کە لای

ڕۆماننووسانی نویٚ بەگشتی و پێشەنگانی ڕۆمانی ریالیزمی سیحری بەتایبەت، بەدی دەکرێت. واتە ئەو تەکنیکانەی کە ئەفسانە ئاوێزانی ڕۆمان دەکات. ئەوانیش (دەستپێکی نادیار، بەکارهێنانی ڕەمز و هێمای فراوان، کەمبوونەوەی دەنگی گفتوگۆ، زاڵبوونی دەنگی گێڕەرەوەی هەمووشتزان، دەرکەوتنی کارەکتەری ئاوێتە، ، کات و شوێنی ئەفسانەیی، ڕووداوی ئەفسانەیی).

ڕۆمانەکە بەم شێوەیە دەستپێدەکات:" سپێدە باڵای بێدەنگ، وەکو دەریا بە درێژایی تەمەنی، هەموو ڕۆژێک لە ڕاکشان و داکشانەوەیە، جریوەی باڵندەش رەنگی پێدەبەخشێ.

لەسەر کێڵگە سەوزەکان، لە هەوراز و نشێوی گردەکان، لە زناری شاخەکان و لەنێو گەورەیی دەریاکان، بەدرێژایی ڕووبار و چڕوپڕی دارستانەکان، کاتێک هەوری بەهار خۆی کۆدەکاتەوە و بۆ چەند ساتێک، پەنجە نەرمەکانی خۆی لەم زەویە دەخشێنێ..." (کەنداڵی نەزر، ل٥). واتە ڕۆماننووس بەبەکارهێنانی شوێنی گشتی و کاتی گشتی دەستپێکێکی نادیاری خوڵقاندووە تاوەکو هەر لە سەرەتاوە خوێنەر بخاتە کەشی ئاڵۆزەوە کە کات و شوێن نادیارە. بێگومان ئەم ئاڵۆزییەش سەرلەبەری ڕۆمانەکەی داپۆشیوە. بۆ ئەم مەبەستەش سوودی لە زمانێکی هێما ئامێز وەرگرتووە، چونکە "کەلەپووری میللی و ئەفسانە زۆر دەوڵەمەندن لە ڕەمز، وەکو دارستانێکی چڕوپڕ ڕەمزی بۆ مرۆڤ بەجێهێشتووە کە مرۆڤ لە قۆناغە جیاجیاکاندا بەکاریهێناوە." (حەسەن،٢٠١٢، ل٢٣١). هەر ئەم ڕێژە بەرزەی بەکارهێنانی هێمایەشە وای لە ڕۆماننووس کردووە کە ڕۆمانەکەی بە شێوەی پەخشان بنووسێت، چونکە "زۆرجاریش ئەو زمانەی لە دەقێکی تێکەڵ بە ئەفسانە و خەون و خەیاڵ بەکاردێت، شیعرییەت بە زمانی دەقەکە دەبەخشێت، چونکە شیعرییەت لە نێو میتۆلۆژیا کۆنەکانیشدا هەیە." (عەلی،٢٠١٢،٢٣١) بەهۆی ئەمانەشەوە

ڕۆماننووس دەتوانێت مەبەستە دیار و شاراوەکانی دەرببڕێت و ئامانجەکانی بپێکێت.

جێی باسە لەم ڕۆمانەدا دەنگی گفتوگۆ سنووردارە، تەنیا لەو کاتانەدا دەبیسترێت کە ململانێی نێوان کارەکتەرەکان دەگاتە لووتکەی ئالّۆزی، ئەگەرنا بەگشتی خوێنەر گوێبیستی دەنگی گێڕەرەوەی هەمووشتزان دەبێت و زۆرینەی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، تەنانەت پەی بە لایەنە شاراوەکانی دەروونی کارەکتەرەکانیش دەبات و باسی کێشە و ئالّۆزییە دەروونییەکانیشیان دەکات. دواتر ڕۆماننووس بۆ ئەوەی پارێزگاری لە قەوارەی ڕۆمان و ئەفسانەش بکات سوودی لە دوو جیهان وەرگرتووە، جیهانی سەروو کە جیهانی ئەفسانەیی ئێزدانە، هەروەها جیهانی خواروو کە جیهانی مرۆڤە لەسەر زەوی. بەمەش کێشەی تێکەڵکردنی کات و شوێنیش چارەسەر دەکات بەوەی کە هەرکات باس لە جیهانی سەروو بکات بە شێوەی ئۆتۆماتیکی پابەندبوون بە واقیعەوە نامێنێ و سەرجەم کات و شوێن و ڕووداوەکان بەرگی ئەفسانەیی دەپۆشن، کاتێکیش زوومی کامێرای گێڕەرەوە بگەڕێتەوە سەر زەوی زۆربەی ڕووداو و کات و شوێنەکان بەرگی ڕاستییان بەبەردا دەکرێت. لێرەدا لەپاڵ تێکەڵکردنی کەرەستەی واقیعی و ئەفسانەییدا ڕۆماننووس کارەکتەری ئاوێتەشی خولّقاندووە ''ئاریا' کە تێکەڵێکی هەردوو جیهانە، واتە نیو ئێزدە و نیو مرۆڤە. کە ئەمەش خەسڵەتێکی دیاری کارەکتەرسازی ڕۆمانی ڕیالیزمی سیحرییە. جێی باسە شێوازی تایبەتی توێژینەوە لەم جۆرە ڕۆمانانەدا وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا میتۆدی 'ڕەخنەی ئەفسانەیی' یە. بۆیە لێرەدا بە پێویست دەزانرێت بەپوختی تیشک بخرێتە سەر ناساندن و ڕەوتی مێژوویی و چۆنییەتی کارکردنی ڕەخنەگر لە مەودای ئەم جۆرە ڕەخنەیەدا.

**١-٢ ڕەخنەی ئەفسانەیی:**

یەکێکە لە شێوازەکانی خوێندنەوەی دەق و پەیبردنە لایەنە شاراوەکانی. ئەم جۆرە ڕەخنەیە " بایەخ بە دۆزینەوەی ناوەڕۆکی ئەفسانەکان و کەونە چەشنەکان و تایبەتمەندی و کاریگەرییان لە ئەدەبیات دەدات." (علوی مقدم، ١٣٨٧، ٢٢٥). بە ڕەخنەیەکی میانڕەو ناسراوە، واتە شێوازێکە کە بنەماکەی لەسەر هەندێک زانستی وەکو مرۆناسی، مێژووی ئایینەکان، دەروونناسی بونیاد نراوە. ڕەخنەی ئەفسانەیی بەشێک لە کاریگەرییەکانی خۆی بە قەرزاری یۆنگ دەزانێت، کە خاوەنی زۆرێک لە چەمک و زاراوەکانی ئەم بوارەیە، لە گرنگترینیشیان 'ئۆرکی تایپ' کەونە چەشنەکانە. ئەم کەونە چەشنانە "کەسێتی و وزەیەکن کە لە خەیاڵی هەموو مرۆڤ و ئەفسانەکانی سەرجەم کولتوورەکاندا هەمیشە دووبارە دەبنەوە" (ولگر، ١٣٨٦، ١٥). هەروەها بە شێوەی بۆماوەیی بە مرۆڤ دەگەن و لە نائاگایی مرۆڤدا حەشاردراون. زۆربەی ڕۆماننووسانی نوێ کەڵکیان لێ وەردەگرن بۆ دەوڵەمەندکردن و سەرنجڕاکێشیی بەرهەمەکانیان، چونکە بەرگێکی زیندوو بە دەق دەبەخشن.

**١-٣ ڕەوتی مێژووی ڕەخنەی ئەفسانەیی:**

ئەگەرچی ڕەخنەی ئەفسانەیی لەگەڵ تیۆرە دەروونناسییەکانی وەکو یۆنگ گۆڕانکاری بەسەردا هات، بەڵام لە بنچینەدا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی مرۆناسی 'خەڵکناسی' ئینگلیزی و توێژینەوەی ئەو زانایانەی کە لە سەدەی نۆزدەدا لەگەڵ دامەزراندنی قوتابخانەی 'هێلنیستەکان'ی کامبرج لە ڕوانگەی مرۆناسی مۆدێرنەوە بایەخیان بە لێکۆڵینەوەی ئەدەب و ئەفسانە و کولتووری یۆنان و ڕۆم دەدا. ئەم بەرهەمانە بەرلەوەی کە توێژینەوەی ئەدەبی بن، خوێندنەوەی مرۆناسی بوون کە سوودیان لە بەرهەمی ئەدەبی وەرگرتووە (قائمی،١٣٨٩، ٣٨). دیارترین توێژەرانی ئەم بوارە (گیلبێرت مۆری، تیلور،

بارنت، جیمز فریّزەر) بوون کە بەرهەمەکانیان کاریگەرییەکی زۆری بەسەر توێژەرانی دوای خۆیاندا، جێهێشت.

لە سەدەی بیستەمدا شێوازی کارکردنی ئەم جۆرە ڕەخنەیە گۆڕا و زیاتر لایەنی ئەدەبی لەخۆ گرت. لەم سەدەیەدا خوێندنەوەی مرۆناسی کە سوودی لە ئەفسانەکان و ئەدەب وەردەگرت، جێگۆڕکێیان کرد لەگەڵ ئەو بەرهەمانەی کە بە سوودوەرگرتن لەم شێوازە تیۆرەدا تەنیا سەرقاڵی لێکدانەوەی بەرهەمی ئەدەبی و ئەفسانەیی بوون. 'فرانسیس فرگوسن' بە دیارترین ڕەخنەگرانی ئەم بوارە دادەنرێت، کە ڕوانگەی هاوبەشی نێوان مەراسیمی ئایینی و گرنگترین تراژیدیاکانی مێژووی ئەدەبیاتی کلاسیکی دۆزییەوە و ناوی لێنا (ڕیتمی تراژیدی- Tragic Rhythm) (قائمی، ١٣٨٩، ٣٩ - ٤٠). بێگومان ئەم هاوبەشییەش لەسەر بنەمای کەونە چەشنەکان بووە.

سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەفسانەیی ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی گۆڕی و ڕوانگەیەکی نوێی بۆ ئەم ڕەخنەیە هێنایە ئاراوە. سەرەتا ئەم شەپۆلە بواری شیعری گرتەوە، چەندین کتێبی ڕەخنەیی گرنگ لەم بوارەدا بڵاو بووەوە کە گرنگترینیان کتێبی (توێکاری ڕەخنە - Anatomy of Criticism)ی 'نورتروپ فرای' یە. فرای پێی وایە کە ناواخنی دەقی ئەدەبی هەرچەند ڕیالیزمێکی بەهێزیش بێ، ئەوا جۆر و شێوەی ئەفسانەیی هەر تێدایە، هەروەها بونیادی ئەفسانە و ئەدەبیات یەکسان دادەنێت و 'کەونە چەشنەکان' بە ڕەگەزی سەرەکی شێوەی ئەزموونی ئەدەبی دەناسێنێت. وێڕای ئەمە (فرای، بادکین، فلیپ و وێل رایت) لە بواری مرۆناسی و کاردانەوەی ئەفسانە و ڕەگەزەکانی لە شیعردا کاریان کردووە (قائمی،١٣٨٩، ٤٠ - ٤١).

لە هەنگاوی دواتریشدا شەپۆلی ڕەخنەی ئەفسانەیی پانتاییەکی زۆری لە توێژینەوە ئەدەبییەکانی بواری ڕۆمانیشی لەخۆگرت. بەهۆی ئەو نزیکییەی کە

لە نێوان ئەفسانە و ڕۆماندا هەیە، لەوانە، ڕەگەزی گێڕانەوەیی و کارەکتەرسازییەکەیەوە) بووە هۆی ئەوەی کە ڕەوتی توێژینەوە ئەدەبی و دواتریش ڕەخنەییەکان بە ئاراستەی ڕۆمان بن.

**١-٤ جۆرەکانی ڕەخنەی ئەفسانەیی:**

بەپێی ئەو بوارانەی کە کاری تێدا کردووە، دەکرێت ڕەخنەی ئەفسانەیی بەسەر چەند جۆرێك دابەش بکەین، لەوانە:

١.**ڕەخنەی 'یۆنگی' یان 'کەونە چەشن':** لەم جۆرەی ڕەخنەی ئوستورییدا، بۆچوونەکانی 'یۆنگ' وەکو چوارچێوەیەک بەکاردێن بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، واتە توێژەر تەنیا پشت بە ڕوانگەی یۆنگ دەبەستێت لەبارەی نائاگایی کۆ و کەونە چەشنەکانەوە و لایەنەکانی دیکەی مرۆناسی و ڕوانگە دەروونییەکانی دیکەی پەیوەست بەو بوارە بەلاوە دەنێت. دیارترین ڕەخنەگرانی ئەم بوارە 'ساگ' و'تاپ' بوون. (قائمی، ١٣٨٩، ٤٣)

٢.**ڕەخنەی پۆست یۆنگی**: ڕەخنەی یۆنگی پۆست مۆدێرنیشی پێ دەگوترێت، ئەم پۆست یۆنگییانە لەژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی 'ژاک لاکان' و'ژولیا کریستیڤا' و لە ڕوانگەیەکی پاش بونیادگەرییانە و بە جەختکردنە سەر نەبوونی قەتعییەت لە بیرکردنەوە و بە پشتبەستن بە شیکردنەوەی فەلسەفی ئالّۆزیی چەند لایەنە، هەوڵیانداوە دووبارە بەرهەمەکانی یۆنگ بخوێننەوە و فراوانی بکەن، هەروەها هەوڵیانداوە لەم ڕێگەیەوە هەندێک لە ویستی نەژادی، دژە فیمینیزمی، دژی سامی و هەندێک بیری سیاسی کۆنەپەرستانە کە زاڵن بەسەر بیرکردنەوە و لێکدانەوەی هەندێک لە بیرمەندانی سەدەی بیستەمدا لە ناوەڕۆکی ئەم ڕەخنەیەدا دووبارە بخرێنە بەر دید. ئەمان نەک تەنیا دووبارە خوێندنەوەیان بۆ بەرهەمەکانی یۆنگ کرد، بەڵکو هەوڵی دووبارە بونیادنانەوە و لەدایکبوونەوەیان بۆ دا. دواتر ئەنجامی پراکتیکیی ئەم مامەڵە ڕەخنەییانە لە

ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕەنگیدایەوە. بەرهەمەکەی 'نیکۆلز' بە ناوی (ڕەخنەی ئەدەبی یۆنگی و ڕەخنەی ئەدەبی پاش یۆنگیساڵی ۱۹۸۰-۲۰۰۰) کاردانەوەی ئەو جۆرە ڕەخنەیە بوو (قائمی، ۱۳۸۹، ٤۳).

۳. **مرۆناسی نوێ:** ئەم بوارەی ڕەخنەی ئەفسانەیی لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا گەیشتە لوتکەی درەوشانەوە. لێرەدا کار لەسەر توێژینەوەی پراکتیکی دەقی ئەدەبی و وێنەی-نوسخەی- پیرۆزی ئایینی لەپاڵ خوێندنەوە ئایینییەکان و شیعری ئایینی کراوە و هەندێک ڕوانگەی سەربەخۆیان سەبارەت بە چۆنییەتی دووبارەبوونەوەی ئەفسانە لە زەینی کۆی مرۆڤدا هەبووە. بەناوبانگترین ڕەخنەگرانی ئەفسانەیی کە لەم بوارەدا کاریان کردبێ (میرچا ئەلیادە و جۆزف کەمبیل و ئوتۆرانک)ن. بۆنموونە، ئەلیادە لە ڕوانگەی دیاردەناسی شێوازی پراکتیکی و بە جەختکردنە سەر دەقی ئەفسانەیی و دەقی ئایینی و بیروباوەڕی مرۆڤی سەرەتایی هەوڵیداوە تەرزە جێگیرە جیهانییەکان لە زۆربەی کولتوورەکان تاوتوێ بکات.  کرۆکی توێژینەوەکانی ئەلیادە پێکهاتووە لە ئایین، ئەویش وەکو یۆنگ، بەڵام بە شێوازی جیا بڕوای وێنەی هاوبەشی تەرزە ئایینییەکان هەیە لە زەینی کۆدا. هەرچی 'ئوتۆرانک'ە سوودی لە ڕوانگە قووڵەکانی دەروونناسی وەرگرتووە و توێژینەوەیەکی تێروتەسەلی لەسەر کەونە چەشنی قارەمان لە دەقی ئایینی و ئەدەبی کردووە (قائمی، ۱۳۸۹، ٤۳ - ٤٤). لەوە بەدواوە ئەم کەونە چەشنە بووە جێی سەرنجی لێکۆڵەرانی ڕەخنەی ئەفسانەیی.

## تەوەری دووەم

### ڕەخنەی ئەفسانەیی و سیما ئەفسانەییەکانی ڕۆمانی 'کەندالّی نەزر':

وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا، ڕەخنەی ئەفسانەیی شێوازێکی هاوبەشە لەنێوان مرۆناسی و دەروونناسی، هەر بۆیە لەسەر بنەمای تیۆری دووانەیی کاردەکات، واتە لەلایەک کار لەسەر دەرەنجامی دەروونی دەکات و لەلایەکی تریشەوە بایەخ بە خوێندنەوەی ئەفسانەناسی و مرۆناسی دەدات لە دەقی ئەدەبیدا. لێرەدا مرۆناسی بایەخ بە شێوەی دەرەوەی دەرکەوتنی کەونە چەشنەکان - تەرزە ئەزەلییەکان – لە بەشەکانی تێڕوانینی کولتووری بەهەموو (ئایین و ئایینزاو بەرهەمی ئەدەبی و هونەری دەدات). هەرچی دەروونناسیشە وەسفی کوالێتی ناوەڕۆک و پرۆسەی پێکهێنانی ئەو کەونە چەشنانە دەدات کە لە دەروونی مرۆڤدا هەن. (قائمی، ١٣٨٩، ٤٦) کەواتە ڕێبازی ڕەخنەی ئەفسانەیی " کەرەستەکانی خۆی لە ئەنترۆپۆلۆجیا و شوێنەوار و لایەنی مێژوویی وەردەگرێت و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی پێ ئەنجامدەدات" (حەمە غەریب، ٢٠١٩، ١٦٢)

لێرەدا بایەخی تیۆرەکانی یۆنگ لە پێکهاتەی ئەم شێوازە ڕەخنەیەدا دەردەکەوێت، چونکە ئەو وێڕای خوێندنەوەی لەسەر تاکی مرۆڤ لیکۆڵینەوەی لە کولتووری ئایینی و ئەفسانەیی و بیروباوەڕی سەرەتایی مرۆڤ کردووە. یۆنگ پێی وابوو مێشکی مرۆڤ لاپەڕەیەکی سپی نییە، بەڵکو خاوەنی جۆرە یادگایەکی بۆ ماوەییە کە مێژوویەکی ملیۆنان ساڵی هەیە کە ناوەرۆکی نائاگایی مرۆڤ پێکدەهێنن، ئەم ناوەرۆکی نائاگایی کۆیە لە مێشکی هەر مرۆڤێکدا شاراوەیە و خۆی بە شێوەی 'خەیاڵی داهێنەرانە' لە خەو و بێداریدا خۆی ئاشکرا دەکات. بەڵام لای مرۆڤی هونەرمەند و بیرمەند و عاریفان بە شێوەی خەیاڵ، ئیلهام و وەحی و ئەزموونی عاریفانە دەردەکەوێت (قائمی، ١٣٨٩، ٤٦).

**٢. ١. دیوی مرۆناسیی ڕۆمانی کەنداڵی نەزر:**

پێویستی ئەفسانە و زیندووکردنەوەیان لەنێو ڕۆماندا ئاماژەی ویستی بەهێزکردنی ناسنامەی میللییە. لە ڕۆمانی کەنداڵی نەزردا تیشک خراوەتە سەر کۆگای DNA ی تاکی کورد، کە هەڵگری مێژوویەکی ملیۆنان ساڵەیە. ئەو ڕابردووەی کە زۆرجار لەلایەن دەوروبەرەکەیەوە هەوڵی شێواندن و گۆڕینی دراوە. زۆرێک لە تاکی کوردیش لەو ڕابردووە بێ ئاگان. بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆماننووس هەوڵیداوە لە دووتوێی ڕۆمانێکدا ئاوێتەیەک لە زەمینەی مرۆناسی کۆنی کورد کە پێکهاتووە لە (مێژوو، ئایین، کولتوور، ئەفسانەی کۆن) تەنانەت زار و بنزارە کوردییەکانیش بخاتە بەر سەرنج و دیدی خوێنەر. لە هەنگاوی دووەمیشدا جۆرە بەراوردێکی ئەو پێکهاتانەی لەگەڵ سەردەمی نوێدا کردووە، تاوەکو چۆنیەتی گۆڕانکارییەکان بخاتەڕوو. لە هەمان کاتیشدا هەوڵدەدات خوێنەر ئاشنای بەشێکی تایبەتی ڕابردووی کورد بکات.

لەم ڕۆمانەدا سوود لە چەند ئەفسانەیەک وەرگیراوە لەوانە (ئەفسانەی ئەفراندن، کوڕی ئاو فرۆش، شازادەی خەوتوو، ئاناهیتا) بۆنموونە "**ئەو وەختەی کە ئاهورا ویستی زەوی ئاوەدان بکاتەوە، لە هەر ئەستێرەیەکی جیهانی بینەوەی ئێزد و فریشتەیەکی دروست کرد، هەموویانی بە منداڵی خۆی ناو دەبردن و هەریەکە و ئەرکێکی خستە پاڵیان.. بە فەرمانی ئاهورا ئاناهیتا هاتە سەر زەوی و بووە پارێزەری ئاوەکان...**" (عەلی، ٢٠٠٦، ١٥). لێرەدا ئاماژە بە ئەفسانەی ئەفراندن کراوە کە کۆنترین جۆری ئەفسانەیە و ئافرەت وەکو هێزێکی زۆربوون و بەردەوامی لە سروشت ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت.

هەروەها لە ڕووداوی خۆشەویستی ئاناهیتا و جەمشیردا، سوودی لە ئەفسانەی 'کوڕی ئاو فرۆش' وەرگرتووە و وەکو خاڵی ئاشناکردنی ئاناهیتا بە کوڕەکە بەکاریهێناوە "**بەڕێکەوت لە نزیک ڕووبارەکە کاتێک ئاناهیتا**

**جاودێری دەکرد، هەموو ڕۆژێک چاوی بەلاوێک دەکەوت، ئەو زۆر بەوردی دیقەتی دەدایێ کاتێک کە بەکوندە ئاوی لە ڕووبارەکە هەڵدەهێنجا و بەباری ڕەشە وڵاخەوە هەڵیدەگرت، کە مەراقیش گرتی بەدوایدا چوو، بۆی دەرکەوت ئاوەکە دەباتە ئەو لادێیانەی لە ڕووبارەکە دوور بوون، ئاوی ڕووباری یەفتەری بە خەڵکەکە دەفرۆشتەوە..."** (عەلی، ٢٠٠٦، ٣٠-٣١). کچان قژیان بەئاوەکە ئەشۆرد و پیرەکانیش وەکو دەرمان بەکاریاندەهێنا و ستایشی ئاناهیتاشیان دەکرد.

دواتر سوود لە ئەفسانەی شازادەی نووستوو وەرگیراوە **"کۆشکی ئاناهیتا ژاوەی دەهات، چونکە ئێزدی ئاو بەبۆنەی هاتنی کچەکەی هەموو ئێزد و فریشتەکانی داوەت کرد، هەریەک لەوان دیاریەکی پێشکەشی منالّەکە کرد...بەلاّم ئەهریمەن - بەرلە ناونانی منالّەکە - خێرا وشەی گومانی هاتە سەرزاری، وەکو دیارییەک پێشکەشی منالّەکەی کرد..."** (عەلی، ٢٠٠٦، ٤٦)، ئەمەش دەبێتە دەسپێک بۆ یارییەکانی ئەهریمەن. بەلاّم ئەفسانەی ئاناهیتا کرۆکی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە پێکدەهێنێت، کە سەرجەم بابەتەکانی دیکە لە خزمەتی بەرەوپێشبردنی گێڕانەوەی ئەو بابەتەن. ئاناهیتا کە تێکەڵێکی ئەفسانەی کوردو ئێرانییە. واتە لێرەدا چیرۆکی دڵداری و ئەفسانەی دڵداری تێکەڵ کراوە تاوەکو لەلایەک دیوێکی مێژووی ئافرەت پیشانبدات و لەلایەکی دیکەشەوە ئازارەکانی ئافرەت.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو دەقانەی کە میتۆدی ڕەخنەی ئەفسانەییان لەسەر جێبەجێ دەکرێت، ئاوێتەکردنی بابەتی ئایینە کۆنەکانە، چونکە بە کەرەستەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوەی مرۆناسی هەژمار دەکرێت و لە هەمان کاتیشدا مرۆناسیش دیوێکی گرنگی ڕەخنەی ئوستوورییە. لە ڕۆمانی (کەندالّی نەزر)یشدا پێکهاتەی ئایینی زەردەشتی تێکەڵ بە ئەفسانەی ئەفراندن

کراوە، بەسوود وەرگرتن لە ناوی ئەو ئێزد و فریشتانەی کە لە کتێبی 'ئاڤێستا'ی زەردەشتیدا هاتووە (تیشتەر، ئەرشتاد، ئەمورداد، ئاتەریش، گوشورنی، زامیادی... هەروەها هەندێک تایبەتمەندی وردی ئەم ئایینەش لە ڕۆمانەکەدا بەکارهاتووە وەکو "**...خەڵکی لەناو ئاتەشگاکە باژ و نزایان دەکرد...لەکاتی باژ و نزاخواستن، بەرسەمیان لەدەست دەگرت، کە توولێکی تەنک و باریک بوو، لەکاتی دوعاکردن پارچە پارچەیان دەکرد و دەیانخستە نێو ئاگرەکە...**" (عەلی، ٢٠٠٦، ١٨) باژیش " بە مانای ئاواز و دوعا و نزایە کە لەکاتی کوتانی گیان هەومدا خوێندوویانە" (فاروقی، ٢٠٠٢، ٩٢).

هەروەها پێکهاتەی ئایینی زەردەشتی ئاوێتەی ئەفسانەی ئاناهیتاش کراوە، واتە وێنەی ئاناهیتا لەم ڕۆمانەدا هاوشێوەی ئەو وێنەیەی ئاناهیتایە کە لە کتێبی ئاڤێستادا هاتووە. چونکە " ئایینی زەردەشت لەخۆوە پەیدا نەبوو بەڵکو لەئەنجامی پێگەیشتنی باوەڕو ئایینە کۆنەکان بوو." (حەسەن، ٢٠٢٠، ١٢٩). ئامانجیش لەم کارە ئەوەیە کە لەپاڵ ئەفسانەی ئاناهیتادا ئاماژە بە فەلسەفە و پێکهاتەی ئایینی زەردەشتیش بکرێت وەکو ئایینێکی کۆنی کورد کە لەنێو مادەکان سەری هەڵدا و ئایینی هەخامەنشینەکان بوو. ئاشکرایە بنچینەی ئەم ئایینە لەسەر بنەمای ململانێی نێوان ئاهورا و ئەهریمەن دامەزراوە. لای زەردەشتییەکان ئاهورا نوێنەری خێر و چاکەیە و "ئەهریمەن خراپەکارە، دوژمنی هەموو کائیناتی ئاهورایە، بە تایبەت ئەوانەی کار ڕاستن و نزیکی ئێزد و فریشتەکانن... زۆرجار بەڕووی ئێزد و فریشتەکان دەتەقێتەوە و دەڵێ ئێوە لەسەر ئەم زەمینە ڕێگە لەکارەکانم دەگرن..." (عەلی،٢٠٠٦، ١٤ - ١٥). بەپێی ئەمەش زەوی دەبێتە گۆڕەپانی "ململانێی گشت ئێزد و فریشتەکان لەلایەک، بەرامبەر ئەمانیش ئەهریمەن بەتەنیا بوو، ئەوەشیان پێشبڕکێ بوو کامە لا زیاتر و زۆرترین مرۆڤی لەپاڵ بوو، ئەو سەردەکەوت!" (عەلی، ٢٠٠٦، ١٥). لای

زەردەشتییەکان سەپاندنی ئایین نییە، بەڵکو مرۆڤ سەرپشکە لە هەڵبژاردنی ڕێگای ژیانی **"لە داتەکانی ئاهورا وا هاتووە بۆ مرۆڤ کە دەڵێ، مرۆڤ ئازاد ئافەریدە کراوە، سەربەستییەکی تەواوی هەیە، لە هەڵبژاردنی چارەنووسی خۆی تاریکی بێت، یان ڕووناکی، دەتوانێ یەکیان هەڵبژێرێ و لە دواییشدا خۆی باجی ئەو هەڵبژاردنەی دەداتەوە"**. (عەلی، ٢٠٠٦، ١٥)، چونکە هەرکەس پاداشتی کردەوەکانی خۆی وەردەگرێت " ئەوەی یار و دۆستی ئاهورا و ئێزد و فریشتەکانی بێت، بەوە پاداشت دەکرێت کە ڕۆژی پەسڵان، لەسەر چین وەت، دەپەڕێتەوە، ئەوەشی نەیاری ئافەریدەگار بێت، لەسەر چین وەت بەردەبێتەوە تا ببێتە میوانی ئاهریمەن." (عەلی، ٢٠٠٦، ١٤). لێرەدا ڕۆژی پەسڵان ڕۆژی پرسینەوە - ڕۆژی دوایی -یە لای زەردەشتییەکان، هەروەها 'چین وەت' پردی سیراتە لای ئەوان.

وەکو ئاماژەی پێکرا ئایینی زەردەشتی وەکو دیارترین ئایینە کۆنە کوردییەکان لە سەردەمی هەخامە نشین و ساسانییەکاندا ئایینی فەرمی بووە. ئەردەشێریش کە لەم ڕۆمانەدا ناوی هاتووە دیارترین پادشای ئەو سەردەمە بووە. لێرەدایە مێژوو ئاوێزانی دەقی گێڕانەوەکە دەبێت **"وڵاتی نەو میدیا ئیمپراتۆریەتێکی پان و بەرین بوو، وێڕای ئەوەی شار و دێیەکانی لەیەکتری دوور بوون، بەڵام هەر بە نەومیدیا دەناسران، خاوەنی پاشایەکی بەهێزو دەسەڵات بوون، کە ڕقی لە دوژمن هەڵدەستا نەیارانی بەچەشنی ڕەهێڵە ڕادەماڵی، بۆیە بە ئەردەشێر ناسرابوو"** (عەلی، ٢٠٠٦، ١٨). دواتریش باسی پەیوەندیی ئاناهیتا و ئەردەشێر دەکات کە لە سەردەمی ئەودا قەڵاکەی دەکاتە ئاتەشگای ئاناهیتا. ئەو قەڵایە چواردەوری شوورای نەبووە بەڵکو چاڵیانکردووە و ئاوی تیابووە گوایە پاشایان دەپارێزێ. هەر بە بڕیاری ئەویش چەندین ئابیدەی ئاناهیتا لە چەند شوێنێکدا دروستدەکات. **"ئەردەشێر کوڕی کیاکسار**

**پاشای مەزن بوو.. کە ماوەی ساڵێک دوانزە وڵاتی داگیر کرد و دوانزە شازادەشی خواست، هێشتا منالّ بوو کە فەرمانڕەوایی پێ سپێردرا، بەڵام چاوکراوە و شارەزاییەکی زۆری لە حوکمگێڕان و سازکردنی سوپا هەبوو، بۆیە سوپایەکی مەزنی پێکهێنا، ئەو هێزەش بووە مایەی هەوەس و لووت بەرزیی کیاکساری تەمەن بیست و یەک ساڵە، ئیتر کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ پەلاماردانی وڵاتانی دراوسێی، لەسەر لووتکەی چیای هۆگەریش هەزار مەڕ و سەد گا و سەد ئەسپی کردە قوربانی ئاناهیتا و داوای لێکرد،...یارمەتیم بدە ئەی ڕووسوور تابتوانم وڵاتە دوور و نزیکەکان لە مرۆڤی غەیرە نەومیدیا خاڵی بکەم و وێران و بەربادیان بکەم. لەسەر ئەو داواکارییە ئاناهیتا لێی زویر بوو، کەچی ئۆپەرتاتی فریشتەی زاڵبوون و توانا و دەسەڵات ڕێگەی بۆ واڵا کرد، ئەویش توانی لەهەر مانگێک وڵاتێک داگیر بکات..."** (عەلی، ٢٠٠٦، ١٩). هەر لەبەر ئەمەشە ئاناهیتا لێی زویر دەبێت و کوڕی پێنابەخشێت، تا ئەوکاتی کە دەمرێت ئەوجا ئەردەشێر لەدایک دەبێت. لێرەدا ئەوەی کە جێی سەرنجە ئەوەیە کە؛ لەگەڵ ئەوەی کە کەیخوسرەو دیارترین پاشای ئیمپراتۆریەتی ماد بووە لە مێژوودا، بەڵام لەبەر ئەوەی دوو کچی جەمشیدی بەزۆر مارە کردووە، دیارە جەمشیر لە یارانی ئاناهیتا بووە و نەمری پێ بەخشراوە، بۆیە کیاکسار لە گاتاکانی ئاڤێستادا ناوی بە خراپ هاتووە. (فاروقی، ٢٠٠٢ ،١٠١-١١١). بۆیە لەم ڕۆمانەشدا کاتێک باس لە کوڕەکەی کیاکسار دەکرێت، دەوترێت: (ئەردەشێر وەکو باوکی نەبوو، لە سەردەمی ئەو خەڵکی لەوپەڕی خۆشیدا بوون...) هەروەها باس لە خۆشی و ئارامی گوندنشینەکان دەکات لەسایەی ئەردەشێردا. ئەمەش دیوێکی دیکەی مێژووە، چونکە لە مێژووی ئەردەشێردا هاتووە کە سەرجەم گوندنشینەکان لەژێر دەستەڵاتی ئەردەشێری دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی ساسانییدا، لەوپەڕی ئارامیدا ژیاون. وێڕای ئەوەش مادەکان

هاوکاریی پارسەکانیان کرد لە دامەزراندنی یەکەمین دەوڵەتی خۆیاندا. دواتر مادەکان لە پارسەکان جیابوونەوە خۆشیان بوون بە دوو بەش، مادی گەورە کە بریتی بوو لە ناوچەکانی ناوەند و ڕۆژئاوای ئێران تاکو کوردستان و چیاکانی زاگرۆس. مادی بچووک کە تەواوی ئازەربایجانی گرتەوە. (حەسەن،٢٠٢٠، ٨٩). ڕۆماننووس سوودی لەم ڕووداوی دابەشکردنەکە وەرگرتووە بۆ ئاماژەکردن بە ڕووداوێکی مێژووی نوێ کە شەڕی برا کوژییە. دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە کورد هەر لە دیرۆکەوە عاشقی جەللاد و داگیرکەر بوونە و لەناو خۆشیاندا خۆخۆر بوونە و لەسەر دەستەڵات یەکترییان کوشتووە. واتە، مێژوو لە لای کورد هەمیشە بە ناشرینترین شێوە خۆی دووبارە دەکاتەوە؛ **"..دوای ئەوەی پاشای وڵات بە کتوپڕی کۆچی دوایی دەکات، بۆیە ناتوانێ بڕیاری ئەوە بدات کام لە دوو کوڕە جمکەکەی لەسەر کورسی دانیشێ. دوو برایەکەش بەبێ ئەوەی گوێ بە هیچ بدەن، مەملەکەتە فراوانەکەی باوکیان لەنێو خۆیان دابەش دەکەن، لەسەر ڕەزامەندی هەردووکیان قەڵایەکە دەبێتە موڵکی بازێد..."** (عەلی، ٢٠٠٦، ٩٢). پاشان لەپێناو ئەو قەڵایە و بە فیتی ژنەکەی بەهدین، کێشە و شەڕ دەکەوێتە نێوان هەردوو برا (بەهدین) و(بازێد). ئاگری ئەم شەڕە دەکەوێتە نێو ماڵی زۆرینەی خەڵکەکە دەیانسووتێنێت **"ئای نەومیدیای داماو تووشی چی بووی؟! لە کەیەوە ئەو خەڵکە وا تامەزرۆی خوێنی یەکتری بوون، خۆ ئەمان برای یەکترین، هەموویان منالّی ئەو دایکەن، منالّی ئەو خاکەن، ئەو خاکە هەمیشە لە ئامێزیان دەگرێ..."** (عەلی، ٢٠٠٦، ١٠١). ئاسەوارەکانی ئەو شەڕەی کە شەش ساڵی خایاند بە پەرتەوازەبوونی خەڵک و دروستبوونی دوو ئیدارەیی لە باشووری کوردستاندا کۆتایی هات **"..خەڵکی ئەو وڵاتەش بە زۆرەملێ و ناچاری دەبنە دوو وڵاتی سەربەخۆ و سنووری جیاواز، خزم و کەسوکار و ناسیاو هەموویان لەیەکتری جیا دەبنەوە،**

**تەنانەت خوشک و برا دەکەونە سەر دوو سنووری جیا.."** (عەلی، ٢٠٠٦، ٩٢). ئەو دوو سنوورەش ئاشکرایە کە سنووری نێوان هەولێر و سلێمانییە.

لێرەدا، لەپاڵ ئاوێزانبوونی ئەفسانە و ئایین و مێژوو بە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، چەندین بابەتی دیکەی کولتووریش ئاوێتەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەبێت، کە لە بەشە جیاوازەکانی توێژینەوەکەدا ئاماژەیان پێدەدەین.

### ٢.٢. دیوی دەروونناسیی ڕۆمانی 'کەنداڵی نەزر':

وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا، لایەنی دووەمی ڕەخنەی ئەفسانەیی، بریتییە لە بایەخدان بە چۆنیەتی دەرکەوتنی کەونە چەشنەکان لە دەقی ئەدەبیدا. لەم ڕووەوە گرنگترین تیۆری یۆنگ لەبارەی پێکهاتەی 'دەروونی نائاگایی کۆ'ی مرۆڤ بوو. بە بۆچوونی یۆنگ ئەم بەشە کۆمەڵێک ئەزموونی زۆر کۆنی بەر لە مێژووە، ئەگەرچی بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەرناکەون، بەڵام بە شێوەی 'کەونە چەشنەکان' دەردەکەون و دەناسرێنەوە. (Jung, 1956, 157). ئەم 'کەونە چەشنانە' تێگەیشتنێکی یەکسانیان بۆ ئاستێکی فراوانی مرۆڤایەتی و کولتوورە جیاوازەکان هەیە، ئەمانەش چەمکگەلی وەکو، (ئەفراندن، هێز، شەیتان، عەشق، فەنابوون، کەسێتی هێمایی وەکو ئاو، دەریا، خۆر، نوور، ڕەنگەکان، ژمارەکان، دایکە زەوی، باوکە ئاسمان، قارەمان...) بە شێوەی جێگیر لە ناوەرۆکی کولتووری کۆمەڵگەی مرۆیی پێکدەهێنن. ئەم کەونە چەشنانە ئەگەرچی ڕەگوڕیشەکەی هی نائاگایی کۆیە، بەڵام لە ڕووی بونیادییەوە تایبەتمەندی داهێنانیان هەیە و توانا و تایبەتمەندی ژیری و داهێنانی تاک چالاک دەکات و بە شێوەی (عەشق، هونەر، هیوا و تەنانەت جیهانبینی)یش دەردەکەوێت. (قائمی، ١٣٨٩، ٣٥)، بۆیە یۆنگ ئەم کەونە چەشنانە بە (DNA)ی دەروونی مرۆڤ لەقەڵەم دەدات. (یۆنگ، ٢٠٠٥، ١١). هەروەها لای یۆنگ کەونە

چەشنەکان و ئەفسانەکان دوو دیوی دراوێکن، کەونە چەشنەکان دیوی ناوەوەی دراوەکەن کە لاشعوورە و ئەفسانەش دیوی دەرەوەی دراوەکەیە لە ئاستی وشیاریدا (حەمەغەریب، ٢٠١٩، ١٥٤). بۆیە لە دەقە ئەدەبییەکاندا وەکو هێما بەکاردەهێنرێن بۆ گوزارشتکردن بە هەردوو دیوەکە.

گرنگترین جۆری کەونە چەشنەکان لای 'یۆنگ' ئەمانەن:

**١.دایک:** لە کۆنەوە تاکو ئێستاکە دایک پێگەی تایبەتی هەیە لای مرۆڤ، لای یۆنگ دایک یەکێکە لەو چەمکە سێنتەرییانەی کە کۆمەڵگا لە دەوری چەقی بەستووە و هۆکاری ئەفراندنی مرۆڤی پەیوەست کردووە بە ناسنامەی دایکەوە. بۆیە پێی وایە ئەو کەسانەی کە نەیانتوانیوە ڕاستەوخۆ ئەزموونی کەونە چەشنی دایک بکەن لەناو دەریا خۆیان بزر دەکەن و سەرقاڵی کارکردن دەبن. یانیش وەکو مەسیحییەکان ئەو ئارەزووەیان بە خزمەتکردنی کەنیسە یاخود تێکۆشان لەپێناو زێد و نیشتیمان و خاکی دایکدا، تێر دەکەن. (یۆنگ، ٢٠٠٥، ١٦) چونکە ئاو و نیشتیمان لە کۆنەستدا هێمای دایکن.

لە ڕۆمانی کەنداڵی نەزردا بە دوو وێنەی بەرچاوی دایک پیشاندراوە، لە وێنەی یەکەمدا باس لە بوون بەدایکی ئاناهیتا دەکات، **"ئێزدی ئاو دەیویست خۆشیەکەی خۆیی و جەمشیر بەیەکجاری تەواو بێت، کاتێک داوای لە ئاهورا کرد، بەتواناو دەسەڵاتی خۆی مناڵێکیان پێ ببەخشێ، لە وەڵامی داخوازیەکەشی ئاهورا گوتی، داخوازیەکەت جێبەجێ کرا، گیانێکی تازەم خستە نێو گیانت، تۆش سەربەستی و دەتوانی هەر باوکێکی بۆ هەڵبژێری، بەمەرجێک شایەنی ئەو گیانە تازەی نێوگیانی ئاناهیتا بێت."** (عەلی، ٢٠٠٦، ٤٠). لە کاتێکدا کە ئاناهیتا دەسەڵاتدارە و لە هیچ خۆشیەکیشی کەم نییە، ئەوجا حەز دەکات منداڵێکی ببێت. ئەمەش مانای وایە کە هەستی بوون بەدایک و دروستکردنی خێزان لای ئافرەت، ویستێکی ئەزەلی و ئەبەدییە. لە هەمان

کاتیشدا سەربەستبوونی ئافرەت لە هەڵبژاردنی باوک بۆ منداڵەکەی ئاماژەیە بۆ سەردەمی دایکسالاری. پێچەوانەی سەردەمی باوکسالاری کە باوان سەرپشک بوون لە هاوسەرگیریی کچەکانیان جا چ بە شێوەی ژن بە ژن بێت وەکو 'خنێ' کە بەشازدە ساڵی ژن بەژنێی پێکراوە لەسەردەمی باوکسالاریدا. یانیش لە بری خوێن دراوە، یان گەورە بە بچووکی پێکراوە.

وێنەی دووەمی دایک لەم ڕۆمانەدا پەیوەستە بەو دایکانەی کە بەبێ مێرد ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانیان دەکەوێتە ئەستۆ و خۆیان دەکەن بە قوربانی. بۆنموونە، دایکی 'جەمشیر' و 'خنێ' کە بە بێوەژنی کوڕەکانیان بەخێو دەکەن، یەکەمیان چاوی دەکاتە قوربانی بەخێوکردنی کوڕەکەی "**دەڵێن پێش چەند ساڵێک ئەو بێوەژنە لەخۆڕا هەردوو چاوەکانی کوێر ببوون، دەیانگوت چاوەکانی زۆر کز ببوون، ئەوەندە کەمەربەندی دروستدەکرد، بۆیە چاوەکانی لەسەر دانا، ئەو کارەشی بۆ بژێویی خۆی و کوڕەکەی دەکرد.**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٣١). چاو کە گرنگترین بەشی جەستەیە بۆ بینینی خۆشیی و جوانییەکانی ژیان. بەخشینی چاو لەپێناو گوزەرانی منداڵ، واتە ئافرەتی کورد لە کۆندا ئەگەر مێردی بمردایە دەبوایە چاوپۆشی لە هەرچی جوانی و خۆشیی ژیان بکردایە و هەستەکانی کوێر کردبا لەپێناو بەخێوکردنی منداڵەکانی. دووەمیشیان خۆی نەزری مانەوەی کوڕەکەی دەکات، کاتێک مردن بەرۆکی دەگرێت، "**ئاناهیتای مەزن، تکات لێدەکەم، بەهاواری منی داماو بگەیت، دەستی پڕ بەزەییت بەسەر کوڕەکەمدا بهێنی، مەهێڵە لەبری دایکی مەرگ نزای بۆبکات و بیگرێتە باوەشی...پەیمان دەدەم بۆماوەی حەوت ساڵ، پاکاری بۆ خانمی شکۆدار و کانی کوژەکە بکەم... وێڕای ئەوەی مەرگ هێدی هێدی چڕنووکی بێ ڕەحمانەی دەچەقاندە نێو گیانی منداڵەکە، بەڵام ئاناهیتا بەنەزری دایک قایل بوو...**" (عەلی، ٢٠٠٦، ١١). دوای چاکبوونەوەی کوڕەکەشی وەفادار دەبێت بۆ

بەڵێنەکەی. ئاناهیتاش لە پاداشتی ئەو وەفادارییەی دەیباتەوە کۆشکی خۆی و نەمری پێدەبەخشێت. ئەمەش مانای وایە کە دایکانی قوربانیدەر وێنەیان لە تابلۆی کۆنەستی مرۆڤدا بۆ هەمیشە بەنەمری دەمێنێتەوە.

**٢.سێبەر- سایە- (Shadow):** کەونە چەشنی سێبەر لە گرنگترین بابەتەکانی تیۆری یۆنگە، سێبەر کورتەی سیفەتە ناشرینەکانی مرۆڤە کە لەگەڵ ڕێسا و یاساکانی ژیانی ئاگایی مرۆڤدا ناگونجێت و مرۆڤ بەردەوام دەیانشارێتەوە، وەکو، خۆپەرەستی، خولیای مادەپەرەستی، مەیل بۆ دەسەڵات، گومان... "یۆنگ پێی وایە کە شەیتان یەک لە شێوە کۆنەکانی سێبەرە، کە لایەنی ترسناک و نیوەی تاریک و نەناسراوی مرۆڤ پیشاندەدات." (یۆنگ، ١٣٧١، ١٣٣). هەروەها یۆنگ بەشی خراپ و ئاژەڵی مرۆڤی بە سێبەر ناوبردووە.

لەبەر ئەوەی ڕۆمانی کەنداڵی نەزر لەسەر بنەمای فەلسەفەی زەردەشتی بونیادنراوە کە ململانێی نێوان ئاهورا و ئەهریمەنە. بۆیە ڕۆماننووس هەوڵیداوە ڕۆڵێکی بەرچاو بە ئەهریمەن ببەخشێت، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا ئەهریمەن بە دوژمنی سەرجەم مرۆڤایەتی دەناسێنێت کاتێک کە دەنووسێت **"ئەوەی ڕاستگۆ بێت دەچێتە ژێر ساباتی ئافەریدەکار.. ئەوەشی سێبەرێک بێت بۆ کردەوەکانی ئەهریمەن، بێگومان دەکەوێتە پەشیمانی و تاهەتایە لە ئاشتی و ئارامی دادەبڕێ"** (عەلی، ٢٠٠٦، ١٠) دواتر هەر لەسەر زاری ئەهریمەن خۆیەوە، ڕقی ئەهریمەن بەرامبەر مرۆڤ پیشاندەدات:"**ڕقم لەو خەڵکەیە، ڕقم لە پێکەنینیانە، لە فرمێسکی کورتیان، لووت بەرزی و شانازییان بەئاناهیتاوە..**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٢٥). لە چەندین جێگای ڕۆمانەکە ئەم کینەیەی ئەهریمەن دەردەکەوێت، بۆ نموونە پیسکردنی سەرچاوەی ئاو و تووشکردنی خەڵکی بە پەتای ڕەش و چەندین جۆر نەخۆشیی دیکە.

دواتریش ململانێکە تایبەت دەکات بە ئاناهیتا و کچەکەی، لەبەر ئەوەی ئاناهیتا ئێزدە و نوێنەری دەسەلأتی ئاهورایە، بۆیە ناتوانێت فریوی بدات و زالّبێت بەسەریدا. بەلأم کچەکەی ئاناهیتا کە نیوە ئێزد و نیوە مرۆڤە هەر لە ئاهەنگی ناولێنانەکەیدا زەفەری پێدەبات و وشەی 'گومان'ی بە دیاری پێدەبەخشێت. دواتریش هەولّدەدات تۆوی گومان لە ناخیدا چەکەرە بکات کاتێک وا لەئاریا دەکات گومان لە دایکی بکات: "**قەسەم بە هەموو ئاوە پاکەکان تووشی گومانی کردم، تۆ بلّێی قسەکانی ڕاست بن؟ بۆنا!! لەوانەیە دایکم بیری چووبێ، باوەڕیش ناکەم ئەو هەمیشە بەمن دەلّێ جوانییەکەت هەمیشەییە**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٥١). بەم شێوەیە ئەهریمەن گومان دەخاتە دلّی ئاریاوە، هەروەها نەفسی ئاریاش جۆرێکە لە سێبەر کە بەرەو قەدەغەشکێنی دەبات و وای لێدەکات دوای ئامۆژگاری ئەهریمەن بکەوێت.

بوونی ئەهریمەن لەم ڕۆمانەدا یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانە کە سێبەری ئاریا تۆختر و تاریکتر دەکات و وای لێدەکات کە ببێتە بەشێک لە پلانەکانی ئەهریمەن. بە وروژاندنی هەستی 'خۆپەرستی' و خۆبینین کە هۆکارێکی دیکەی دەرکەوتنی سێبەرە لای ئاریا، کاتێک پێی دەلّێت، واز لە چاودێری ئاوەکان بێنە و چاودێری جوانییەکەت بکە بۆ ئەوەی هەمیشەیی بێت، لە کاتێکدا دەزانێت جوانی ئاریا هەمیشەییە "**وای لێ هات -ئاریا- ڕووبارەکە فەرامۆش بکات و هەموو وەختی خۆی لەگەلّ ئاوێنە بەسەر ببات، ئەوەندەی ئاوێنەی بالأ بەژنی لەدەوری خۆی کۆکردبووەوە، لە سەرتاسەری کۆشکی چەقاندبوو.. دەچووە هەر سووچێک بە هەموو لە خۆ ڕازیبوونەوە تەماشای خۆی دەکرد...هەر دەیگوت، من لە جوانی جوانترم...**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٥١ - ٥٢). بەمەش ئاریای دوچاری گرێی ناسیسیەت کرد. لەم بارەیەوە ئاناهیتا سەرکۆنەی دەکات و پێی دەلّێت:"**پێم نالّێی چۆن دەتوانم ئاوەڕۆکانی ئەم**

**زەمینە، بەم چەشنە لەژێر چاودێریت بەجێ بێڵم؟ بەقسەی ئەهریمەن هەر ڕۆژەو ڕووبارێک و چەمێک وشک و کاول دەکەیت!!"** (عەلی، ٢٠٠٦، ٥٢).

جێی سەرنجە کە خۆناسین یەکەم مەرجی ڕووبەڕووبوونەوەی سێبەرە. یۆنگ پێی وایە نابێ سێبەر سەرکوت بکرێت، چونکە چەند سەرکوت بکرێت ئەوەندە خەستتر دەبێت و بەرەو سەرکێشیی زیاتر دەڕوات ( مورنو، ١٣٧٦، ٥٦). بۆیە ئاریا کاتێک خۆی ناسی کە نیوە مرۆڤە و نیوە ئێزدە، کەوتە ململانێی سێبەرەوە، لە سەرەتادا هەوڵیدا ئەم بابەتە سەرکوت بکات، بەڵام دواتر بڕیاری دا سەرکێشیی بکات ئەویش بە دەسبەرداربوون لە تیرەمی و باوەشکردنەوە بۆ مرۆڤبوون.

یۆنگ پێی وایە سێبەر لە کاتی لاوازی و نەمانی ئاگایی دەردەکەوێت (شوڵتر،١٣٩٠، ١٢٤)، ئەهریمەنیش ڕێک لەو کاتەدا دەرکەوت کە ئاریا ئاستی ئاگایی لاواز بوو، کاتێک نهێنی باوکی بۆ ئاشکرا ببوو کە مرۆڤە و هەرگیزیش لەگەڵیدا نەژیاوە، بەڵکو تەنیا جارێک بەڕێکەوت لە 'جیهانی مینەوی' چاوی پێکەوتووە. بۆیە دەچێتە پێش و پێی دەڵێت: **"سڵاو بۆ تیرەمی ئاو، سپێدەیەکی خۆشە بۆ مەلەکردن وانییە؟!... تۆ سەیری ئەو لاوە بکە پەشیمان نابیتەوە، هەر لە کەسێک دەچێ هەمیشە بەهیوای دیدار و بینینی بووی. - ئاریا - کە ڕووی سووڕاندەوە و سەیری کرد کتومت لە باوکی دەچوو..."**( عەلی، ٢٠٠٦، ٧٢). بەمەش ئاریای خستە داوی خۆشەویستی یەکەم دیدارەوە.

**٣. 'پێرسۆنا' دەمامک:** بنچینەی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماسکەی کە ئەکتەرانی شانۆگەری لە کۆندا لەسەر ڕوخساریان دادەنا تاوەکو ڕوخساری واقیعیان بشارنەوە و ئەوەی کە خەڵک پێی قایلن و حەزیان لێیە بەکاربێنن. هەر بۆیە یۆنگ ئەم زاراوەیەی بەرامبەر شاردنەوەی کەسێتی مرۆڤ داناوە. واتە ئەم

ماسکە یەکێکە لە کەونە چەشنە سەرەکییەکان، کە مرۆڤ هەوڵدەدات ببێت بەو کەسەی کە دەیەوێت، یاخود ئەو کەسەی کە کۆمەڵگە و دەوروبەری پەسەندی دەکەن، بۆیە ئەم تەرزە بەردەوام لەگەڵ مرۆڤدا بوونی هەیە. جا ئەگەر هات و ڕۆڵی ئەم دەمامکە لەگەڵ 'من' یەکانگیر نەبوو، ئەوا تاک تووشی تەنگژەی دەروونی دەبێت (حەمەغەریب، ٢٠١٩، ١٥٦).

ترس و لاوازی لە هۆکارە گرنگەکانی بەکارهێنانی 'پێرسۆنا'یە لەپێناو مانەوە و بەردەوامی. بۆیە لە ڕۆمانی کەنداڵی نەزردا لە چەندین شوێندا بۆ شاردنەوەی ڕووی ڕاستی و ناخی هەندێک لە پاڵەوان و کارەکتەرەکان، سوود لەم کەونە چەشنە وەرگیراوە، دیارترینیان دیمەنی شاردنەوەی هەستی نارەزایی لای 'جەمشیر'ی خۆشەویستی ئاناهیتا و 'پاوان'ی خۆشەویستی ئاریای کچی ئاناهیتا. چونکە هەردووکیان مرۆڤن و دەسەڵات و توانایان لە ئاست ئێزدا زۆر لاوازە، بۆیە دەترسن ڕاستییەکانی ناخیان دەرببڕن و بەردەوام دەمامک بەکاردەهێنن بۆ مانەوە و بەردەوامی.

دەرکەوتنی 'پێرسۆنا' لای جەمشیر ئەو کاتەیە کە حەز بە مانەوە لای ئاناهیتا ناکات، کەچی ناوێرێت دەریببڕێت. ئەمەش لە خۆدواندنەکانی جەمشیردا دەردەکەوێت کاتێک دەڵێت "**...ئاخر تۆ ناتوانی ڕووبەڕووی ئێزدی ئاو بیتەوە! با دەتوانم. بەرامبەری دەوەستم و پێی دەڵێم، چی پێ دەڵێی؟! پێی دەڵێم ئێرە بەجێ دێڵم.. بەڵام هەی نەگبەت ئەوەت پێ ناکرێت...**"( عەلی، ٢٠٠٦، ٤٠). بابەتەکە ڕوونتر دەبێتەوە کاتێک ئاناهیتا هۆکاری بێ تاقەتی جەمشیری لێ دەپرسێت: "**چیتە بۆ وا سەغڵەتی؟! لە وەڵامدا دەڵێت، "هیچ نییە لەوانەیە لە خەمی دایکمدابم!**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٤١)، بەردەوام وای پیشاندەدات کە هۆکاری بێتاقەتییەکەی بێزاربوون نییە لە ئاناهیتا.

کەونە چەشنی پێرسۆنا لای پاوان ڕوونتر و قوولّترە: "**باشە ناتوانم بۆ جارێکیش لە ڕووی بوەستم و گرێی دلّی خۆمی بۆ بکەمەوە،.. تیرەم لە جاران زیاتر خۆشی دەوێم، بەڵام من هەستی خۆشەویستیم بەرامبەر بە ئەو نییە، تەنیا ئالّۆزبوونێکی تالّە بەرامبەر بە جوانی و گیانە مەزنەکەی....**" (عەلی، ٢٠٠٦، ١٠٥). بەکارهێنانی دەمامک بۆ شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینە، پاوان تووشی ڕەشبینی و گرفتی دەروونی دەکات "..**پاوان- لە پالّیەوە کە نامۆ و ڕەشبین بوو، هەر خۆی بیری کردەوە، بۆ وا شێواوم ئەو ڕەشبینییە چییە هەمیشە لەگەلّمایە؟! لەهەر کوێ بم هەر لەگەلّمایە، لەباوەشی ئاریا لە تەنیایی و لەخەونیشدا وازم لێ ناهێنێ، لەوانەیە تەسلیمبوونم بە ئالّۆزی ڕاستەقینە وای بەسەر هێنابم، ئەو بارە نابێ وا درێژە بکێشێ، هەویرەکە زیادەبەدەر ئاوی ویست، دەبێ خەمێک لەخۆم بخۆم.**" (عەلی، ٢٠٠٦، ١٠٥)، کاتێکی زۆری پێدەچێت تاوەکو پاوان بوێریی ئەوە لەخۆیدا کۆدەکاتەوە کە بەرامبەر تیرەمی ئاو بوەستێت و پێی بلّێت بەجێت دەهێلّم و دوای خۆشەویستەکەی خۆم دەکەوم.

وتەکانی ئاریا تیشکێکی زیاتر دەخاتە سەر دەرکەوتنی ئەم کەونە چەشنە لای پاوان کاتێک دەلّێت: "..**بۆ لە سەرەتاوە ئەو ڕاستییانەت بۆ نەدرکاندم؟! من وامدەزانی وەکو ئاورینگی ڕۆژ ڕاست و ڕووناکی؟!... هەموو ئەو وەختە نیازت هەبوو بەجێم بهێلّی، خۆشەویستیت گالّتە و درۆ بوو،، ماچەکانت، ئامێزت، وشە ناسکەکانت هەمووی درۆ بوو.**" (عەلی، ٢٠٠٦، ١٠٦ – ١٠٧). کەواتە، درۆ پێکهاتەی سەرەکی کەونە چەشنی پێرسۆنایە بۆ شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینە لە کاتی پەیگیری ڕاستییەکاندا.

**٤. ئەنیما و ئەنیمۆس (Anima and Animus):** گۆڕانی فیزیۆلۆجی و فشاری کۆمەلّایەتی، تاک بەرەو ئاراستەی گرتنە ئەستۆی ناسنامەی ڕەگەزی بەناوی ژن یان پیاو هان دەدەن. لە ئەنجامدا لایەنی پیاوانە لە ژناندا و لایەنی

ژنانە لە پیاواندا سەرکوت دەبن کە ئەمە دەبێتە لاوازیی دەروونی تاک. بۆیە یۆنگ پێی وایە هەر تاکێکی مرۆڤ هەڵگری هەردوو ڕەگەزەکەیە و هیچ کەس نییە بەتەواوی نێربێت یاخود مێ. (یۆنگ، ٢٠٠٥، ١٨). تایبەتمەندی ئەم دوو کەونەچەشنە ئەوەیە کە لە کولتوورێکدا چ ئەرک و پێگەیەک بۆ ژن یان پیاو پەسەند کراوە. کەواتە "ئەو سیفەتە مێینانەی کە لە نێردا دەبن پێیان دەوترێت ئەنیما و ئەو سیفەتە نێرینانەی لە مێینەدا دەبن پێیان دەوترێت ئەنیمۆس" (ئیبراهیم، ٢٠٠٠، ٢٢٠). واتە، ئەنیما پەیوەستە بە ئارۆس- هێزی ژیان-ی دایکانە و ئەنیمۆس پەیوەستە بە لۆگۆس-عەقڵ-ی باوکانە (بیات، ١٣٩٩، ١٦٨)، دەرکەوتنیشیان بەهۆی کەلێنی دەروونییەوە دەبێت. لێرەدا هەوڵدەدەین بە نموونەی پێویست ئەم قسانە ڕوون بکەینەوە:

**٤-١. ئەنیما:** بۆ ئەم مەبەستە 'جان' هەندێک وێنەی دەرکەوتنی ئەنیما دەستنیشان دەکات، ( دولبەر-مەعشووق، دایکی نموونەیی، ژنی ژیان بەخش، دەنگی نادیار، ژنی ئیلهام بەخش) (استفورد، ١٣٨٥، ٢٢). لە ڕۆمانی کەنداڵی نەزردا چەند جۆرێکیان بەدی دەکرێن، وەکو:

**– دولبەر:** یەک لە شێوە باوەکانی ئەنیما پەیوەندی بە جوانییەوە هەیە. 'بۆدلێر' لەم بارەیەوە دەڵێ: "ئەم ژنە جوانە و زیاتر لە جوانی، سەرسامکەرە" (شمیسا، ١٣٨٣، ١٣٠). لە ئەفسانەکاندا ئەنیما بە شێوە ئەرێنییەکەی لە وێنەی (ئێزد، دولبەر، پەری جوان، یا فریشتەی ئاسمانی دەردەکەوێت). لە ڕۆمانی کەنداڵی نەزردا، ئاناهیتای ئێزدی ئاو و کچەکەی دوو نموونەی بەرچاوی دەرکەوتنی ئەنیمای دەروونی جەمشیر و پاوانن. چونکە هەردووکیان کاتێک بۆ یەکەم جار خۆیان بۆیان دەردەخەن بە جۆرێک سەرسامی جوانییەکەیان دەبن کە بڕوا بە چاوەکانیان ناکەن. بۆ نموونە کاتێ ئاناهیتا بۆ یەکەم جار خۆی بۆ جەمشیر ئاشکرا **دەکات "کوندەکەی لەدەستی کەوتە خوارەوە و بەدەستی**

**ڕاستی سێبەری لەهەردوو چاوەکانی کرد، بەڵام کەڵکی نەبوو سێبەرەکەی دەستی نەیدەتوانی بەتەواوی چاوەکانی بپارێزێ، ڕووناکیەکەش چاویان ئازار دەدا...کە جەمشیر ڕاستەقینەی بۆ ئاشکرا بوو کەوتە سەر چۆکان و کڕنووشی برد..."** (عەلی، ٢٠٠٦، ٣٣-٣٤). دواتر بە وردی باس لە جوانییە سەرسامکەر و ئەفسووناوییەکەی ئاناهیتا دەکات. بەهەمان شێوە کاتێک ئاریا خۆی بۆ پاوان ئاشکرا دەکات، پاوان لە سەرسامیدا لەجێیی خۆی وشک دەبێ و وادەزانێ خەو دەبینێت. (عەلی، ٢٠٠٦، ٧٤).

- **ژنی ژیانبەخش:** ئاناهیتا نموونەی ئەنیمایە لە وێنەی ژنی ژیان بەخشدا، چونکە دوای بردنەوەی جەمشیر بۆ کۆشکەکەی، وێڕای ئەوەی هەموو پێویستییەکانی خۆش گوزەرانی بۆ فەراهەم دەکات، لە هەمان کاتدا ئاوی نەمریشی پێدەبەخشێت. دایکی جەمشیریش وێنەی ئەنیمای لە نائاگایی کوڕەکەی خولّقاندبوو، بەوەی کە بەردەوام پێی دەگوت، ڕۆژێک شازادەیەکی ئەفسووناوی دێت و بەسواری ئەسپەکەیەوە دەتبات و دەرگای کۆشکێکی گەورەت بۆدەکاتەوە...جەمشیریش پێی دەگوت دایکە خۆ من کچ نیم! ئەو ڕووداوانەش دوای بینینی ئاناهیتا هەموویان بە زیادەشەوە بوون بە ڕاستی. بۆیە جەمشیر دەڵێت: **"کەس هەیە لە من بەختەوەرتر، من دڵنیام کەس لە من خۆشبەختتر نییە، کە دەستیشی لە ملی ئاناهیتا کرد، دونیا بەجۆرێک شڵەژا لەنێو حەز و شەهوەت و ڕووناکی مەلەی دەکرد!"** (عەلی، ٢٠٠٦، ٣٩). هەرکات وێنەی ئەنیما و دولبەر نزیک بن پیاو زۆر سەرسام دەبێت و هەست بەوپەڕی بەختەوەری دەکات.

- **دەنگی نادیار:** ئەنیمای دەروونی پاوان بە دوو شێوە دەردەکەوێت، یەکەمیان بە شێوەی دەنگێکە بەردەوام لەگەڵیدایە **"پاوان هەمیشە لەنێو جەرگەی شەڕ بوو، یان لەخەو بوو، یان لە برسییەتی و پۆشتەییشدا،**

**هەستیدەکرد شتێک لە غەیبەوە بانگی دەکات، کە ڕادەوەستا و هەستی خۆی ڕادەگرت، شەپۆلی ئاو بوو بانگی دەکرد و ڕایدەکێشا"** (عەلی، ٢٠٠٦، ٩٤-٩٥). دووەمیشیان بە شێوەی خەوبینینە، کاتێ خەو ئەبینێ کچێک لەناو ئاوەکە بانگی دەکا و دەستی لەناوقەدی دەئاڵێنێ و پێدەکەنێ... دواتر کە ئاریا خۆی بۆ دەرخست نهێنیی ئەو دەنگ و خەوەی بۆ ئاشکرا بوو.

**٤-٢. ئەنیمۆس:** ڕەفتاری پیاوانە و بیرکردنەوەی مەنتیقی ژنان، جل پۆشینی پیاوان، هەڵسوکەوتی پیاوان. تێکڕای ئەمانە پەیوەندییان بە دەرکەوتەکانی ئەنیمۆسەوە هەیە لای ئافرەت. چونکە لەم بارەیەوە "بە زۆری باس لە هێزی ئەنیمۆس و وەسوەسەی ئەنیما دەکرێت. ئەنیما و ئەنیمۆس بە ڕیزبەند هاوتای نەفس و عەقڵن" (سلمانی نژاد و همکاران، ١٣٩١، ١١٠). لەم ڕۆمانەدا کچەکانی 'کیاکسار' هێما و وێنەی کەونە چەشنی ئەنیمۆسن. دەکرێت بگوترێت نەبوونی برا زەمینە خۆشکەر بووە بۆ دەرکەوتنی ئەنیمۆسی دەروونی ئەم کچانە و هەوڵدانیان بۆ پڕکردنەوەی جێی کوڕ بۆ باوکیان. هەر واشیان کردووە و بوون بە جێی سەرنج و باسی خەڵکەکە و شانازیش بۆ کیاکسار. **"هەر دوانزە کچیش لەڕەنگ و ڕوخسارەوە جیاوازییان هەبوو، هەریەکیان جوانییەکەی لەدایکی وەرگرتبوو، بەڵام هەستی توندڕەوییان لەباوکیان وەرگرتبوو.. کار گەیشتە ئەوەی هێزو پاڵەوانییەتی کیاکسار بەلاوە بنێن و باس لە جوانی و فرەزانی و شکۆمەندی کچەکان بکەن! ئاهورای گەورە هەموو خەسڵەتێکی نایابی پێ بەخشیبوون، لە جوانی وێنەیان نەبوو، لە زانین و هۆشمەندی کەس نەبوو لەشانیان بدات، لە سوارچاکی و شیربازیش شۆڕە سوارێک نەبوو بیانگاتێ، کە لەمەیدانی قەڵایەکە دەستیان بەمەشقی شیربازی دەکرد، باوکیان لە قەڵاوە سەیریانی دەکرد..و بە ژنەکانی دەگوت، سەیریان بکەن ئەو کچانە شێرن، پیاون... "** (عەلی، ٢٠٠٦، ١٩). وەکو دیارە زۆربەی

سیماکانی ئەنیمۆس دراوەتە پاڵ کچەکانی کیاکسار، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە دەستەواژەگەلی وەکو (هەستی توندڕەوی، فرەزانی، شکۆمەندی، زانین و هۆشمەندی، سوار چاکی و شیر بازی) وەرگیراوە. دواتریش وەکو بڵێی ڕۆماننووس بیەوێت بابەتەکە دووپات بکاتەوە هەردوو زاراوەی (شێرن، پیاون)ی داوەتە پاڵیان کە زەقترین سیفەتی ئەنیمۆسن.

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، لە نەستی هەر ئافرەتێکدا نێرینەیەک هەیە، کە پەیوەندی بە کۆنەست و پەروەردە و هەستە کپکراوەکانی ئافرەتەوە هەیە. بۆیە ئەو پیاوانەی کە لە یەکەم دیداردا ئافرەت عاشقیان دەبێت هاوشێوە و تایبەتمەندی ئەنیمۆسی دەروونی ئافرەتەکەن. 'ئاریا' بەیەکەم دیدار عاشقی پاوان دەبێت چونکە ئەنیمۆسی ئاریا باوکیەتی کە هەرگیز لە ئامێزی نەگرتووە و تەنانەت نەشی بینیوە **"کە ڕووی سووڕاند و سەیری لاوەکەی کرد، کتومت لە باوکی دەچوو، چونکە هەرکەسێک کە دەمرێت، هەزار و یەک جار دۆناودۆنی بەشێواز و گیانی دەکرێت، ئەو لاوەش لە جەمشیری فریشتەی دەکرد... کە پاوانی دیت هەستی کرد شتێک لەناخیدا گۆڕا، خەریکبوو گیانێکی مردوو لەجێگای خۆی زیندوو دەبووەوە، سەوز و ڕۆشن، بەڵام خۆیشی نەیدەزانی چی بەسەر هاتووە، هەرکە چاوی بە نیگا تیژەکانی کەوت، یەکسەر کەوتە داوی ئەوینی، نەیدەزانی بۆ؟! یان بۆچی؟! تەنیا ئەوە نەبێ کە قەدەر شتێکی ونبووی بۆ گەڕاندووەتەوە..."** (عەلی، ۲۰۰٦، ۷۲-۷۳). لێرەدا دۆناودۆن وەکو تەکنیکێك وەرگیراوە تاوەکو کارەکتەرێکی هاوشێوەی ئەنیمای دەروونی ئاریا بخوڵقێنرێت، ئەو پرسیارانەش کە لێرەدا ورووژاوە زیاتر ناواخنی بابەتی ئەنیمۆسەکە ڕووندەکاتەوە. ئەو جۆرە کەوتنە داوی ئەوینە هۆکارەکەی لە ئاگاییدا ناڕوونە چونکە پەیوەندی بە نائاگایی ئافرەتەوە هەیە، بۆیە لە یەکەم دیداردا کاتێک نائاگایی دەروون بەشە ونبووەکەی دەدۆزێتەوە پێی سەرسام دەبێت، وەکو ئەوەی کە 'قەدەر شتێکی ونبووی بۆ گەڕاندووەتەوە'.

- **ئەنیمۆس و گرێی ئەلکترا:** لە قوتابخانە دەروونشیکارییەکاندا گرێی 'ئەلکترا' بەرامبەر بە گرێی 'ئۆدیب' ی پیاوانە، کە پەیوەستبوونی کچ بە باوکی دەخاتەڕوو، ڕک و کینەی بەرامبەر بە دایک پیشاندەدات" (حەمەغەریب، ۲۰۱۹، ۲۸۸). وەکو ئاماژەی پێکرا جەمشیر ئەنیمای نائاگای ئاریای کچیەتی. بۆیە کاتێک بۆ یەکەم جار بە ڕێکەوت باوکی دەبینێت بە یەک بزەی باوکی عاشقی دەبێت و ناشزانێت هۆکارەکەی چییە؟ "**لەوەتەی لە ئاسمان گەڕابوونەوە، کچە هەر حەزی لە تەنیایی بوو... نهێنی ئەو گۆڕانکاریەشی زۆری نەبرد، کە هاتە لای دایکی و نهێنی خۆی بۆ درکاند، دایکە... لەوەتەی جەمشیری فریشتەم بینیوە، خەیاڵی ئەو بەجۆرێک دەمباتەوە خۆم لەتەک ئەودا دەدۆزمەوە.. هەرکە چاوم پێکەوت یەکسەر زانیم ئەو هی منە و بۆ منە، دڵنیاشم لەمەوپێش ئەوم بینیوە**" (عەلی، ۲۰۰٦، ٥٤). لێرەدا کاتێک ئاریا دەڵێت دڵنیام پێشتر بینیومە، ڕاستەوخۆ بیرمان بەرەو ئەنیمۆس دەبات کە لە نائاگایی کچەدایە. تا دواتر ئاناهیتا پێی دەڵێت: "**ئەو هەستەی تۆ بەرامبەر بە جەمشیر ڕاستەقینە نییە، بەڵکو هەست و سۆزی کچێکە دوور لە باوکی ژیاوە.**" (عەلی، ۲۰۰٦، ٥۷). ئەمەش ڕوونکردنەوەیەکی دیکەیە لە هەمبەر ئەنیمۆسدا. واتە ئەنیمۆسەکە دەروازەی گرێی ئەلکترا بە ڕووی ئاریادا دەکاتەوە. دواتریش هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بکەوێتە ململانێ لەگەڵ دایکی و ڕك و کینە بەرامبەر دایکی زیاد بکات. بەجۆرێک کە "**..شێتانە پاڵێکی بە دایکیەوە نا و بە هەنیسکەوە گوتی، دوور کەوە لێم، نامەوێ بتبینم تۆ دایکی من نیت، ڕقم لێتە، ڕقم لە ئاوتە، لەو کۆشکە، ڕقم لە ناوتە، پتر لە هەموو شتێک ڕقم لە تۆیە.**" (عەلی، ۲۰۰٦، ٥۷). دواتریش ئەم گرێیە لای ئاریا پەرە دەسێنێت و وای لێدەکات دەستبەرداری ئێزدبوون بێت و مرۆڤبوون هەڵبژێرێت و دوای وێنەی ئەنیمای دەروونی بکەوێت کە پاوانە، چونکە باوکی لە ڕەگەزی مرۆڤە.

**٥. خود:** یەکێکە لەو کەونە چەشنانەی کە هەوڵی کۆکردنەوەی هەردوو لایەنی ئاگایی و نائاگایی مرۆڤ دەدات بۆئەوەی ببێت بەتاکێکی تەواو، کە ئامانجی هەموو مرۆڤێکە. ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، پێویستە تاک بە سێ قۆناغدا تێپەڕێت بۆ ئەوەی بگات بەو ئاستە، لە یەکەم قۆناغدا بایەخ بەو کردەوانە دەدات کە پێویستن بۆ مانەوەی کەس، لە خولی دووەمدا لە ڕووی سۆزەوە چالاک و بەهێز دەبێت، هەروەها لەو ماوەیەدا فێردەبێت کار و پیشەیەک و پێکهێنانی خێزان و پەروەردەکردنی منداڵ هەڵبژێرێت، لە خولی سێیەمدا، کە تیایدا تاک دەگاتە کۆتایی سییەکانی تەمەنی، داخوازییەکانی زیاتر خۆیان لە بابەتی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و فەلسەفی دەبیننەوە، وەك لەوەی بایۆلۆجی بن. واتە لە ئاستی یەکەمدا، نەستی تاک پێدەگا، لە ئاستی دووەمدا نەستی تاک و کۆ و خێزانی گەشە دەکات، لە ئاستی سێیەمیشدا نەستی کۆ، کە ئەزموونی ژیانی پێشوویەتی بەتەواوی دەردەکەوێت (حەمەغەریب، ٢٠١٩، ١٥٩).

لە ڕۆمانی کەنداڵی نەزردا ئەم کەونە چەشنە و تەنانەت قۆناغەکانیشی بە ڕوونی لە کەسێتی 'جەمشیر'دا دەردەکەوێت. لە قۆناغی یەکەمدا جەمشیر لاوێکی خوێنگەرمە و سەرقاڵی ئاو فرۆشییە بۆ ئەوەی بژێویی خۆی و دایکی دابین بکات، دواتر چاوی بە 'ئاناهیتا'ی ئێزدی ئاو دەکەوێت و بێ دوودڵی دوای دەکەوێت بەرەو کۆشکی ئاناهیتا و ژیانێکی خەیاڵی بەسەر دەبات کە نوقمی دونیای چێژ و خۆشەویستی حەوانەوەیە، بە جۆرێک کە زۆرجار باوەڕ بە چاوەکانی خۆی ناکات و وادەزانێت خەونە. بەڵام لە قۆناغی دواتردا کاتێک نەستی تاک و کۆ و خێزانی گەشە دەکات ئیتر حەز بە مانەوە لای ئاناهیتا و ئەو ژیانە خەیاڵییە ناکات و ئەو چێژ و خۆشییە ئەفسانەییەی چیتر بەلاوە گرنگ نییە، بەڵکو ویستی دروستکردنی خێزان لای چەکەرە دەکات. چونکە لەم

قۆناغەدا مرۆڤ هەوڵدەدات لەگەڵ ئەو کەسەدا کۆببێتەوە و هاوسەرگیری بکات کە خۆشی دەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆشەویستەکەی جەمشیر ئێزدی ئاوە، بۆیە نەستی کۆی جەمشیر کە ئەزموونی ژیانی کۆمەڵگەی باوکسالارییە لەگەڵ ژیانی ئاگاییدا یەک ناگرێتەوە، ئەمەش وا دەکات جەمشیر دوچاری کێشەی دەروونی و نائارامی ببێت و داوا لە ئاناهیتا دەکات ڕێگەی پێبدات جیهانی دایکسالاری -کە کۆشک و دەسەڵاتی ئاناهیتایە- بەجێ بهێڵێت و بگەڕێتەوە زێدی خۆی-کە کۆمەڵگەی کوردی و دەسەڵاتی باوکسالارییە- و چێژ لە نێرینەیی خۆی وەربگرێت. پرۆسەی دروستبوونی کەونە چەشنی خود بە ڕوونی لەو وتانەی جەمشیردا دەردەکەوێت کە دواین جار لەگەڵ ئاناهیتادا دەیکات و نهێنیی ناخی خۆی بۆ ئاشکرا دەکات: "**من ئاوفرۆشم هەر بەو کار و کردەوەشم ئاسوودە و سەرفرازم، من بەبێ کارکردن هیچ بایەخێکم نییە، دەمەوێ وەکو مرۆڤ کاربکەم و خێزانێک پێکبهێنم و ماڵێک سازبکەم. هاوسەرێکم هەبێت ماڵەکەم ئاوەدان بکاتەوە، هەرکە گەڕامەوە ماڵەوە مناڵەکانم لەبەر دەرگا چاوەڕێم بکەن... بەرلەتۆ کەسێکی نامۆ بووم.. دوای هاتنی تۆش سەرفرازترین کەسم، بەڵام وەکو جاران سەیری ژیان ناکەم.. بەبێ ئامانج هەستدەکەم لەڕێی ژیان ون بوومە، هیچ ئامانجێک نییە هەوڵ و تێکۆشانی بۆبدەم.. لە دانیشتن و نوستن و خواردن بێزاربووم، بەلامەوە هەموویان یەکسانن، وابزانم ئەوە مەرگی ڕاستەقینەیە.**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٤٢). لای جەمشیر ژیان لە سایەی دەسەڵاتی دایکسالاریدا مردنی ڕاستەقینەیە، ئەمەش کۆنەستی پیاوی کورد پیشاندەدات. لەبەر ئەم هۆیەشە ئاناهیتا هەواڵی بوون بەباوکی لێ دەشارێتەوە.

٦. **ئاو:** لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ژیانە و سەرچاوەی بەردەوامی زیندەوەران و ژیانە. ئەفسانەی ئاو وەکو یەک لە چوار پێکهاتە سەرەکییەکەی

جیهانی ماددی لە ئەفسانە جیهانییەکاندا ڕەنگیانداوەتەوە و خاوەنی کەونە چەشنی تایبەت بەخۆیانن کە لە ئەدەبیاتدا دووبارە دەبنەوە و بونیادێکی هێما ئامێزیان هەیە. پەیوەندییەکی قووڵی بە لێکدانەوەی غەریزی مرۆڤ، لە کۆی، لەدایک بوون، ژیان، مردن و دووبارە لەدایک بوونەوە-وە هەیە. (الیادە، ١٣٧٦، ١٨٩).

ئاو ئافەرێنەری ئاهورا مەزدایە و لە مێژووی کۆنی کورد و نەتەوە ئارییەکاندا ئاناهیتا خواوەندی ئاوە کە لەلایەن خەڵکەوە پەرەستراوە. لە ئەفسانەکاندا ئاو هێمای "ژیان، مردن، نهێنی بوون، پاکی و بێگەردی، زاوزێ و گەشە، نوێبوونەوەی ژیان و گۆڕانکارییە." (اسماعیل پوور، ١٣٩١، ٢٠). لێرەدا دەکرێت ڕۆڵی سەرەکی ئەم کەونە چەشنە بۆ چەند بەشێک دابەش بکرێت: (الیادە، ١٣٨٦، ١٨٩ - ١٩٠).

**٦-١. ئاوی شیفا بەخش (دەرماناو):** ئەفسانەی ئاو هێمای زیندوویی و بەردەوامی ژیانی ماددییە. ئەم ڕۆڵە لە ئەفسانەی ئاوی حەیات و ئاوی دەرمانبەخشدا دەردەکەوێت. لە ڕۆمانی کەندالْی نەزردا لەبەر ئەوەی بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکە ئەفسانەی ئاناهیتای ئێزدی ئاوە، زۆربەی ڕۆڵ و ئەرکەکانی ئاو و کاریگەرییان لەسەر ژیانی مرۆڤ لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکەدا بەدی دەکرێت. بۆ نموونە ڕۆڵی ئاو وەکو دەرمان بۆ مەبەستی چارەسەری نەخۆشی. ئەم ڕۆڵەی ئاو لەو کاتانەدا دەردەکەوێت کە کارەکتەرەکان بەهۆی نەخۆشییەکی تایبەتەوە لە چارەسەری مرۆیی نائومێد دەبن و پەنا دەبەنە بەر چارەسەری ئێزدانی ئاو. دیارترین دەرکەوتەی ئەم کەونە چەشنە لای کوڕەکەی 'خنێ' و 'خانمی تاسە زێڕین'دا بەدی دەکرێت، کاتێک پەتای ڕەش هەڕەشەی مەرگ لە کوڕەکەی خنێ دەکات و خنێی بێوەژنیش کە هەموو ترووسکایی ژیانی لە کوڕە تاقانەکەیدا بەدی دەکات، دوای ئەوەی لە

چارەسەری مرۆیی نائومێد دەبێت پەنا دەباتە بەر ئاوی ئاناهیتا و داوای چارەسەری کوڕەکەی لێ دەکات: "..**ئاناهیتا بەنەزری دایکە قایل بوو، ئاوی پاک و بێگەردی هەڕەشەی لە مەرگ کرد و ڕاوەدووی نا...خنێ ش پەیمانەکەی بەجێ گەیاند، مناڵەکەی لای کەس و کاری بەجێ هێشت و لەوساوە ژیانی لەسەر کانییەکە بەسەر دەبرد... هەموو چوار شەممەیەک لەنزیک کانییەکە پێشوازی لە خەڵکی دەکرد**" (عەلی، ٢٠٠٦، ١١-١٢). بەهەمان شێوە لە بەسەرهاتی ژنەکەی پاشا ئەردەشێریشدا هاتووە "**ئەردەشێری داماو پەشۆکاو ڕەنگ پەڕیو نەیدەزانی چی بۆ ژنەکەی بکا. بەنائومێدی چاوەڕێی نزیکبوونەوەی مەرگی دەکرد، لەدوا ساتەکانی و ئەوپەڕی شپرزەیی دەیباتە نێو ئاتەشگاکە، بەو هیوایەی کە ئێزدی ئاو بێتە ناو ئاتەشگاکە و بەچاوی بەزەیی تەماشای ژنەکەی بکات و لەمردنی قوتاربکات!...دوای تەواوبوونی تاسەکە شاژنیان هەڵگرت و بردیانە سەر ڕووبارەکە و بۆماوەی حەوت ڕۆژ بەتاسە زێڕەکە ئاوی ڕووبارەکەی بەسەر خۆیدا دەکرد، هەتا بەیەکجاری چاک بووەوە خەشی تیا نەما، بەڵام شاژن تاسەکەی بەلاوە نەنا، بەڵکو هەمیشە سەری خۆی پێ دەشوشت و بۆ هەموو جێگایەک لەگەڵی بوو، بۆیە بە شاژنی تاسە زێڕین ناسرا**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٢٤). وەکو دیارە تەنیا مەرجی قبوڵکردنی نەزری هەژار و دەوڵەمەند پاک و بێگەردیی ناخ و دەروونیانە، نەوەک پارە و سامان.

جێی باسە ئەو کەسانەی بەهۆی ئاوی شیفا بەخشەوە لە مردن ڕزگاریان دەبێت دەبنە خاوەنی دوو تایبەتمەندی، یەکەمیان تەمەنیان درێژترە لە مرۆڤی ئاسایی. دووەمیشیان دەبنە هۆکاری خێر و خۆشی و پیت و فەڕ بۆ خێزان و هۆزیان. وەکو لە ڕۆمانەکەدا هاتووە کوڕەکەی خنێ و کیاکسار-کەیخوسرەو-شاژنی کاسە زێڕین خاوەنی ئەم تایبەتمەندییەن. لەم بارەیەوە 'خنێ' بە ئاریای

کچی ئاناهیتا دەڵێ: "**کوڕەکەم مەزنایەتی هۆزی گرتەدەست خێزانێکی گەورەشی پێکهێنا وەختی خۆی ئاوی پاکی ئاناهیتای پێ بەخشرابوو، بۆیە لە تەمەنێکی زۆر پیری سەری نایەوە...**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٦٩). شاژنی کاسە زێڕینیش بەهەمان شێوە دوای تەمەنێکی درێژ لە وەفاداریی بۆ ئاناهیتا و هاوکاری خەڵکی نەومیدیا، ماڵاوایی یەکجاری دەکات. تەنیا کیاکسار نەبێ بەهۆی دەرچوونی لە فەرمانی ئاناهیتا و بوون بە بەشێک لە پلانەکانی ئەهریمەن، دەوروبەرەکەی دوچاری تەنگژە و ناخۆشی دەکات، بەڵام دیسانەوە دوای تەمەنێکی زۆر ئەویش دەمرێت.

**٦-٢. ئاوی نەمری (ئاوی حەیات):** ئاوی حەیات هێمای نەمریی مرۆڤە کە لە ئەفسانەکاندا بووەتە هێما، ئەم ئاوە سەرچاوەی ئاوی و میتافیزیکین، سەرچاوەکەی لە ئاسمانە و هەموو کەس دەستی نایگاتێ و بەهیچ ڕێگەیەکیش ناتوانرێت بەدەست بهێنرێت. دێوەکان و خواوەندەکان خاوەنیانن. تەنیا لەڕێگەیەک کە بەرەو سەرچاوەی ئاوی حەیات دەڕوات و بۆ بەدەستهێنانی، پیشاندانی زنجیرەیەک لە نەزر و قوربانییەکانە (الیادە، ١٣٧٦، ١٩٣). زۆرجار لە ئەفسانەکاندا تێکەڵاوییەک لەهەمبەر ڕۆڵی دەرمانبەخشی ئاو و ئاوی نەمری-حەیات-دا بەدی دەکرێت. بەڵام لێرەدا ڕۆماننووس هەوڵیداوە بەوردی و هونەرمەندانە لێکیان جیاکاتەوە، بەوەی کە وەکو باسکرا ئەوانەی کە ئاوی شیفا بەخشیان پێدراوە تەمەن درێژ دەبن و درەنگ پیر دەبن، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دەمرن. پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە ئاوی نەمرییان پێشکەش دەکرێت، ئەمان بە زیندوویی دەمێننەوە و هەرگیز نامرن، تەنانەت وەکو خۆیان دەمێننەوە و پیریش نابن. "**خنێ هێشتا گەنج بوو کە نەمری پێ بەخشرا، بۆیە هەر بەو جەشنە مایەوە ...**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٦٩). لەبارەی تەمەنیشیەوە دەڵێت:"**.. بەم جۆرە مەرگی کوڕەکەشم بینی، پاشان مەرگی نەوەکانیم یەک یەک بینی، منیش وەکو**

**خۆم هیچ گۆڕانکارییەکم تیا ڕووی نەدا، هەتا ئەو وەختە چل و نۆ پشتە نەوەکانم مەزنایەتی هۆزەکەیان دەکەن..."** (عەلی، ٢٠٠٦، ٦٩). بێگومان 'نەمری' یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەفسانەکان، ڕوانگە و بیری مرۆڤی کۆن پیشاندەدات لە هەمبەر ژیان. لێرەدا ئێمە لەژێر خانەی ئاوی نەمریدا پۆلێنمان کردووە و باسی دەکەین، چونکە کرۆکی زۆربەی ئەفسانە کۆنەکان گەڕانە بەدوای ئاوی نەمریدا. وەکو ئاماژەی پێکرا دەسکەوتنی ئەم ئاوە شتێکی ئەستەمە بۆ مرۆڤ، تەنیا ڕێگەی بەدەستهێنانی دڵسۆزی و خۆ تەرخانکردنی مرۆڤە بۆ ئێزدان. ئەوەتا خنێ **"دوای حەوت ساڵ لە نەزرگرتن و خزمەتکردنی کانییەکە... خانمی ئاو خۆی بۆ ئاشکرا کرد و بردیەوە کۆشکی خۆی، وەکو پاداشتێک ئاوی نەمری و لەشساغی پێ بەخشی، بەم جۆرە فریشتەکانی ئاسمان ناوی (خنێ)یان تاهەتایە لە کتێبی ژیان نووسی، لەو ساوەش وەکو پەرییەکان لەخزمەتی خانمی کەمتەرخەمی نەدەنواند."** (عەلی، ٢٠٠٦، ١٣). لێرەدا ڕەگەزێکی ئەفسانەیی دیکە دەردەکەوێت کە 'ڕەگەزگۆڕینە' ، واتە گۆڕینی ڕەگەزی مرۆڤە بۆ پەری.

بێگومان ئەم پرۆسەی نەمرییە تەنیا بە خواردنەوەی ئاوی نەمری کۆتایی نایەت، بەڵکو دەبێت ناویشی لە کتێبی نەمراندا تۆمار بکرێت، بۆ ئەوەی فریشتەی گیانکێشان توخنیان نەکەوێت. ئەمەش لە وتەکانی ئاناهیتادا دەردەکەوێت کاتێک کە ئاوی نەمری پێشکەشی جەمشیری خۆشەویستی دەکات:"**... بەو جۆرە کوڕەکەی بردەوە کۆشکی خۆی، بێ ئەوەی بواری یەک وشەی پێ بدات، ئاوی نەمریشی پێ بەخشی، لەو وەختەوە لە کۆشکی ئاناهیتا گوزەرانی دەکرد، ئەوەشی حاڵی کرد دەبێت لەگەڵ نەمریەکەی پاک و ڕاستگۆ بێت، هەتا ئەموردادی فریشتە چاک لێی دڵنیا بێت و ناوی لە کتێبی بێ مەرگی و جاویدانی بنووسێ، ئەگینا ئەو نەمریەی پێ نابەخشرێ."** (عەلی، ٢٠٠٦، ٣٤)، بەڵام جەمشیر پێش ئەوەی ناوی بچێتە کتێبی نەمرییەوە ئاناهیتای بەجێهێشت.

جێی سەرنجە لە ڕۆمانی کەندالْی نەزردا جگە لە ئاوی نەمری ناوی جۆرە ئاوێکی دیکەش دێت، کە بەهەمان شێوە ئێزدانییە، بەڵام بۆ مەبەستی نەمری بەکار نەهاتووە بەڵکو چەشنی شەرابی ئێزدانی سوودی لێ وەرگیراوە. 'پاوان' بەم شێوەیە وەسفی ئاوەکە دەکات: "...**ئاریا- جامە ئاوێکی زێڕم دەداتە دەست و هەمیشە دەڵێ، ئەوە ئاوی ئێزدانە، تەنیا ئێمە لە شەرابی ڕاستەقینەی دەخۆینەوە، پاش ئەوەی ئاهورای گەورە پیرۆزی دەکات... هەرکە دەمم لە ئاوەکە دەدەم، هەست دەکەم دونیا وەکو چەرخ بەدەورمدا دەخولێتەوە... لەگەڵ ئەوەش نازانم چی ڕوودەدات، چونکە بەتەواوی سەرمەست دەبم و دەوروبەرم نابینم**..." (عەلی، ٢٠٠٦، ٨٢). ئاریای کچی ئاناهیتا ڕاستە لە کۆشکی ئاناهیتا و ژیانی ئێزداییدا دەژی، بەڵام لەبەر ئەوەی نیوەی مرۆڤە و هێشتا وەکو ئێزد نەناسێنراوە، چونکە "**منالانی ئێزد و فریشتە، دەبێ لە ئێزد بن یان لە فریشتە، یان لەو مرۆڤانەی ئەموورداد نەمری پێ بەخشیون**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٤٠)، بۆیە ئاریا ناتوانێت وەکو دایکی ئاوی نەمری پێشکەشی خۆشەویستەکەی بکات، لەبری ئەوە ئاوی یەزدانی پێشکەش دەکات، بۆ ئەوەی سەرمەستی بکات و بە ئارەزووی خۆی چێژ لە پەیوەندیی سێکسییان وەربگرێت.

**٦-٣. ئاو و لەدایکبوونەوەی دووەم (زیندووبوونەوە)**: ئەمیان وەکو ئەزموونی ماددە بۆ پاڵاوتنی دەروون، دەربازبوون لە قۆناغی کۆن و چوونە ناو قۆناغی نوێ لە قاڵبی کەونە چەشنی مردن و دووبارە لەدایکبوونەوەدا دەردەکەوێت. ئاو هێمای زاوزێ و بەردەوامی ژیانە. خۆ نقومکردن لە ئاودا، هێمای گەڕانەوەیە بۆ دۆخی پێشوو و نوێبوونەوەی ژیان و لەدایکبوونەوەی نوێیە. هەروەها بە هۆی هێزی جادووییەکەیەوە دەرمان بەخشە و بە بەرەکەتی ئایینی پەیوەست بە مردووان، هۆکاری زیندووبوونەوەی دوای مردنە (مصطفوی، ١٣٦١، ٥-٢٢١).

ئەم بابەتە لای 'جەمشیر' بەدی دەکرێت، کە دوای بەجێهێشتنی ئاناهیتا و گەڕانەوەی بۆ ژیانی پێشووی، دواتریش خنکانی دایکی لە ئاودا، زۆر پەرێشانی دەکات و توانای بەرگریکردنی بۆ ژیان لەدەست دەدات. بۆیە کاتێک لە ڕۆخی ڕووبارەکە دادەنیشێت **"هەندێک لە یارانی ئەهریمەن.. بەگاڵتە پاڵیان پێوەنا و کەوتە نێو ڕووبارەکە، ئەویش هەوڵی ڕزگارکردنی گیانی خۆی نەدا، بەڵکو لەنێو قووڵایی ئاوەکە بەڕاستی خنکا، ئاناهیتاش لە قووڵاییی ناخی هەستی بە جەمشیر کرد، دەتگوت تێکەڵی جەستەی بووە، بۆیە گەرماوگەرم داوای لە ئاهورا کرد، کە پشتگوێی نەخات ئەوەیش کردی بە فریشتەی جیهانی مینەوەی"** (عەلی، ٢٠٠٦، ٤٦). بەمەش جەمشیر دووبارە زیندوو دەبێتەوە و لە جیهانی مینەویدا بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ ئاناهیتا ژیان بەسەر دەبات.

**٦-٤. ئاو وەکو هۆکاری مردن و نەخۆشی:** کەونە چەشنی ئاو وەکو کەونە چەشنەکانی دیکە دیوی باش و خراپی هەیە، واتە ئەم کەونە چەشنە وێڕای ئەرکی شیفا بەخشین و ئەرکی نەمری و زیندووبوونەوە کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، پێچەوانەی ئەو ڕۆڵ و ئەرکانەش دەگێڕێت. هەر بۆیە ئەو کاتەی ئاناهیتا داوا لە ئاریا دەکات لەبری ئەو ببێت بە ئێزدی ئاو، لە وەڵامدا پێی دەڵێت: **"من ئۆباڵی ئەو خەڵکە ناخەمە ئەستۆی خۆم، پێمناڵێی تا ئێستا چەند کەست بەو ئاوە کوشتووە، چەند مرۆڤ لە ئاوەکانت خنکاون، تۆ هۆکارێکی سەرەکی مردنی ئەوانی..."** (عەلی، ٢٠٠٦، ٥٩). هەروەها پیسبوونی ئاو دەرکەوتەی دیکەشی هەیە وەکو، ئەو کاتەی کە ئاریا بۆی دەردەکەوێ توانای چاککردنەوەی نەخۆشی هەیە، دایکێک دێتە لای بۆ چارەسەری کوڕە نەخۆشەکەی کە ئەندامی نێرینەی دەردێنێ و میز بە خەڵکیدا دەکات، ئاریاش پرسیاری ئەوەی لێدەکات کە هیچ کات ئاوی شێلووی خواردووەتەوە؟ لە

وەڵامدا دەڵێت: "**بەڵێ. جارێکیان ئەم کوڕە لە سکم بوو ناچار بووم ئاوی شێلووی کانییەکە بخۆم کە شێلووبوو چونکە تەنیا سەرچاوەی ئاو خواردنمان بوو... ئاریا بە ئەسپایی و بە نەرمی دەستی بەسەریدا هێنا، ئەو کوڕە لەو دەست هاتە ئەو دەست و بە یەکجاری گۆڕا ...دایکەکە لە بەرامبەر ئەم کارەدا شەربەتی هەومی بۆ هێنا و ئەمیش خواردیەوە و سوپاسی کرد.**" (عەلی، ٢٠٠٦، ١١٩). ئەو شەربەتی 'هەوم'ە شەربەتێکی پیرۆزی زەردەشتییەکانە کە لە بۆنە ئایینییەکانیاندا لەگەڵ شیر پێشکەش دەکرێت و بەشێکە لە عیبادەت، لەپاڵ سووتاندنی داری بەلسەمدا.

**٦-٥. ئاوی ئاوات بەخش (مرازدەر):** ئەرکێکی دیکەی کەونە چەشنی ئاو لەم ڕۆمانەدا، بەدیهێنانی هیوا و ئاواتی خەڵکی بەگشتی و دڵداران بەتایبەتی بووە. بەمەش دیاردەی چوونی ژنان بۆ سەرکانی بۆ مرازگرتنەوە، بۆ بەخت کرانەوە و گەیشتن بە خۆشەویستەکانیان سیمایەکی ئەفسانەی جوانی بە ڕۆمانی کەندالّی نەزر بەخشیوە. "**هەر کانییەک لە غەیری وەرزی بەهار دەتەقێتەوە، ئەوە تیرەمی ئاو لە وێ بووە و ئەو کانییەی پێیان بەخشیوە، بۆ ئەوەی یەک لە ئاواتەکانیان بێتەدی، ئەویش گەیشتن بە ئەویندارەکانیان، هەتا سێ ڕۆژان لە تەقینەوەی کانییەکە ئەوەی خۆی و ئەویندارەکەی لەو ئاوە پاکەیان بخواردایەتەوە و قوربانییان پێشکەشی تیرەمی ئاو بکردایە، بەیەکتری شاد دەبوون...**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٦٤). لێرەدا ڕۆڵی ژمارەی ئەفسانەیش دەردەکەوێت. وێڕای بەیەکگەیاندنی دڵداران، ئاواتێکی دیکەی پیاوانیشی بەدیهێناوە کاتێک کە قوربانییان پێشکەشی ئێزدی ئاو کردووە بۆ بەردەوامیی هێز و دەسەڵاتیان و زاڵبوون بەسەر نەیارانیاندا. لە تەوەری دواتردا زیاتر لەم بارەیەوە قسە دەکەین.

**٧.کارەکتەر (پاڵەوان):** بەهۆی زاڵبوونی سیمای ئەفسانەیی لە ڕۆمانەکەدا، چەندین جۆر کارەکتەری ئەفسانەیی بەرچاو دەکەون. لەوانە ( ئاهورا، ئێزد،

پەری، ئەهریمەن، کارەکتەری ئاوێتە). لە تەوەرەکانی پێشوودا ئاماژە بە وێنە و ڕۆڵی ئاهورا و ئەهریمەن کرا، لێرەدا تیشک دەخرێتە سەر کارەکتەری خانمە ئێزدەکان کە ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمانەکەدا دەگێڕن.

**٧-١. خانمە ئێزدەکان:** باوەڕ بە ئێزدی دایک لە کۆنترین بیروباوەڕەکانی مرۆڤە. "لە بەشێک لە سیستەمی ئایینیدا، باوانی سەرەکی یاخود بنچینە، دایک بووە. لە ڕاستیدا دایک باوانێکی ڕەسەنترە لە باوک. چونکە دایک منداڵ دەهێنێتە دونیا و سەرەتای ئەزموونی هەر منداڵێکە. ئەفسانەناسیش جۆرێکە لە بیرۆکەی بەرز ڕاگرتنی دایک" (کمبل، ١٣٩١، ٢٥١). لە ناو کوردیشدا "پەرەستنی 'خودای دایک' بە کۆنترین پەرەستن دەژمێردرێت و پاشماوە دۆزراوەکانی گوندی 'چەرمو' ...مەعبەدی ئاناهیتا، قەڵای هەولێر، قەڵای مووسڵ گەورەترین بەڵگەی ئەم جۆرە پەرەستنەن" (حەسەن ،٢٠٢٠، ١٢٢-١٢٤).

لە ڕۆمانی کەنداڵی نەزردا وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا بە شێوەی دیار و بەرچاو سوود لە ئەفسانەی ئاناهیتا وەرگیراوە. (پێگەی ئاناهیتای لای ئێرانییەکان وەکو ئێزدی 'ئانات'ی میللەتی سوورییە، عەشتاری بابلی، کومانای هیتی و ئەفرۆدیتی یۆنانی دادەنێت. (فانیا، ١٣٥١، ٢٣٤). زۆربەی ئەم خەسڵەتانە لە کارەکتەری ئاناهیتادا ڕەنگی داوەتەوە. (مەولود ئیبراهیم حەسەن)یش لەم بارەیەوە پێی وایە کە لەبەرئەوەی پێکهاتەی گەلی کورد تێکەڵی چەند هۆز و نەتەوەیەکە، ئەوا ئەفسانەکەشی بەو شێوەیەیە. هەروەها سەرەتای دیاری ئەفسانەی کوردی دەباتەوە بۆ سەردەمی ئارياییەکان بەتایبەتی مادەکان. (حەسەن، ٢٠٢٠، ٢٠). لەم ڕۆمانەدا ئاسەواری ئەم بۆچوونە دیارە، چونکە ڕۆماننووس هەوڵیداوە لەکاتی خوڵقاندنی ئاناهیتادا وەك کارەکتەری سەرەکی ئاوێتەیەک لە خەسڵەتەکانی (عەشتاری بابلی و ئەفرۆدیتی یۆنانی و

ئاناهیتای زەردەشتی) بکات. چونکە لە ئاڤێستا و لە ئەفسانە میدی و ئارییاییەکاندا باس لەوە نەکراوە کە ئاناهیتا هاوسەرگیری کردبێت، بە پێچەوانەی عەشتارەوە کە خواوەندی ئاو و خۆشەویستی بووە و سەرکێشییەکانیشی بەناوبانگن. لە ئایینی زەردەشتیدا ئاو یەکێکە لە چوار ڕەگەزە پیرۆزەکە، بۆیە سەیر نابێ ئاناهیتا کە ڕووبارێکی مینەوییە و هەم خواوەندی ئاویشە ببێتە بەشێک لە پیرۆزییەکانی ئەو ئایینە و بەوەی کە خەڵاتی ئاهورایە بۆ زەردەشت و زەوی و لە کتێبی 'ئاڤێستا' لە بەشی ئابان یەشتدا **١٣٣** بەندی تایبەت کردووە بە باسکردنی مەزنی و ئەرک و ڕۆڵی ئاناهیتا لەناو گەلانی میدیدا. (فاروق، ٢٠٢، ١٠١-١٣٦). ئاناهیتا وەکو خانمە ئێزدی ئاو کە لە ئاسمانەکانەوە هاتووەتە سەر زەمین و هۆکاری زۆربوونی بەرهەمی مەڕوماڵات و خۆشی ژیانی مرۆڤ، بە فەرمانی ئەردەشێری دووەم پەیکەری لە شارەکانی شووش، ئەکباتان، دیمەشق و بابل و هەندێک شوێنی دیکەدا بۆ دانراوە و بەناوی خانمە خواوەندی مەزن پەرەستراوە (فانیان، ١٣٥١، ٢٣٤) بۆیە بوونی ئێزدە خاتوونەکان لە ئەفسانەکان و کۆنەستی زۆرینەی میللەتاندا نیشانەی بایەخی ئەم کەونە چەشنەیە.

چۆنیەتی دەرکەوتنی خانمە ئێزدەکان لەم ڕۆمانەدا بە سێ قۆناغ تێدەپەڕن، کە هێمای قۆناغەکانی گۆڕانی دەسەڵاتی دایکسالارییە.

**٧-١-١. قۆناغی سەروەریی خانمە ئێزدەکان:** کڕۆکی کەونە چەشنی خانمە ئێزدەکان ڕەنگدانەوەی میراتی نائاگایی مرۆڤی کۆنن لە هەمبەر سەرکەوتن و پیرۆزیی ئافرەت لە مێژوودا؛ ئامانجی ڕۆماننووس لە خولّقاندنی ئەم جۆرە کارەکتەرانە لە ڕۆمانەکەیدا، خستنەڕووی مەزنی و ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتی کوردە لە کۆنەستی مرۆڤی کۆنی کورددا، ئەمەش هێمای سەروەری دەسەڵاتی دایکسالارییە لە ناو گەلانی کۆنی میدی و ئاریدا. دواتریش هەر

لەڕێگەی کارەکتەرسازییەوە چۆنیەتی کالّبوونەوە و وەرگەڕانی ئەو وێنەیە لە کۆنەستدا دەخرێتە بەر دید. بۆئەوەی خوێنەر لە چۆنیەتی هەرەسهێنانی دەسەلاّتی دایک سەروەری و دواتر گۆڕینی بە دەسەلاّتی باوکسالاری ئاگادار بکاتەوە.

لە قۆناغی یەکەمدا ئاناهیتا هێمای دەسەلاّت و هێزی ئافرەتە لە سەردەمی دایکسالاریدا، بۆیە "**پاشا و شازادەکان، حاکم و مەزنی ولاّتان قاسیدی تایبەتییان بۆ ئاوەکە دەنارد، بەلاّم خەنی و خۆشی لەو کەسەی کە خەلّکی ولاّتەکە بوو...**" (عەلی، ٢٠٠٦، ١٨). هەروەها فەرمانڕەوا و پادشاکان بۆ ئەوەی سەرکەوتووبن قوربانییان پێشکەش بە ئاناهیتا کردووە : "..**کیاکسار لەسەر لووتکەی چیای هۆگەریش هەزار مەڕ و سەد گا و سەد ئەسپی کردە قوربانی ئاناهیتا...**" (عەلی، ٢٠٠٦، ١٩) بۆ ئەوەی سەرکەوتوویان بکات لە جەنگەکان و خۆیان و سوپایان پایەدار بکات. بەلاّم مەرجی قبولّکردنی قوربانی و نەزرەکانیان لای ئاناهیتا کردەوەکانیان بووە. بۆیە "**هەر فەرمانڕەوایەکی مەزن و دلێرانی ولاّتان، کارێکی باش بەئەنجام بگەیەنێ و لەخراپە دووربن، ئاناهیتا بە ئاواتیان دەگەیەنێ...**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٧ ). لە بەرامبەریشدا "**خەلّکی ولاّتەکەش لە قەراغ ڕووبارەکە و لە دووری شار و دێیەکان، ئابیدەیەکی مەزنیان بۆ ئێزدی ئاو ساز کردبوو، لە وێنەی کیژێکی جوان و لەبار و بالاّ بەرز بوو، ئەو ئابیدەیە ئاتەشگا بوو.. ئاگریش بەدرێژایی شەو و ڕۆژ هەر دەسووتا.. ئابیدەکەیان بە بالاّی هەزار پێ بوو..**" (عەلی، ٢٠٠٦، ١٨). لێرەدا لەپالّ وێنەی ئاناهیتا، دیمەنی ئاتەشگای زەردەشتییان دەردەکەوێت. چونکە لەم ڕۆمانەدا سوود لە ئەفسانەی ئاناهیتای زەردەشتییان وەرگیراوە.  کە ئاسەواری ئەو ئابیدە و ئاتەشگاهە بە دووەم گەورەترین بینای بەردینی ئێران دادەنرێت و تاکو ئێستاش لە شاری 'کەنگاوەر'ی سەر بە پارێزگای کرماشان  بەجێماوە. ئاشکرایە دروستکردنی

پەیکەر بەو بەرزاییە زۆرە هێمای پێگە و مەزنیی ئاناهیتایە لای گەلانی ئەو ناوچەیە.

**٧-١-٢. ڕووبەڕووبوونەوە و شکستی خانمە ئێزدەکان:** لەناوچوونی دەسەڵاتی خانمە ئێزدەکان بەدرێژایی مێژووی گەلان لە ئەفسانەناسیدا ئاماژەی پێکراوە. بۆ نموونە لە شارستانییەتی میسری کۆندا ۆزیریس"Osiris" خودای گژوگیا بەهۆی ئیرەیی براکەیەوە سێت"Set" بەزیندوویی لە تابووت دەنرێت و دەخرێتە ئاوەوە، دواتریش کە "Isis" تەرمەکەی دەدۆزێتەوە و دەیشارێتەوە دیسانەوە براکەی دەدۆزێتەوە و پارچە پارچەی دەکات و بەسەر خاکی میسردا پەرتی دەکات (کوپ،١٣٩٠، ١). ئەمەش هێمای هەرەسهێنانی دەسەڵاتی دایکسالارییە. هەروەها لە 'بین نهرین'یش تیامات"Tiamat" کە یەکەم خانمە ئێزدە ، ئەو دەریایە کە بنچینەی ژیانە، کە لە شەڕی لەگەڵ مەردوک"Marduk"ی ئێزددا لەقووڵایی ئاودا دەیبەزێنێت و پەیکەری خانمە ئێزدی ئاو دەکاتە دووکەرت و جیهانی لێ پێکدەهێنێت (کوپ، ١٣٩٠، ١-٢).

لە ڕۆمانی کەندالّی نەزردا، ڕووکاری ئەم ڕووبەڕوو بوونەوەیە بەدی دەکرێت. بەڵام لێرەدا پیاوان ڕووبەڕووی خانمە ئێزدەکان دەبنەوە. لێرەدا ئامانجی ڕۆماننووس ئاماژەکردنە بە بابەتێکی قووڵتر، کە هەرەسهێنانی دەسەڵاتی دایکسالاری و گۆڕینی ناسنامە و پێناسەی ئافرەتە. بۆ ئەم مەبەستەش ئاماژە بە دوو جیهانی سەرەوە و خوارەوە دەکات، واتە بەهەشتی و زەمینی. لە جیهانی سەرەوەدا خانمە ئێزدەکان خاوەنی کۆشکێکی خەیاڵیی تایبەت بەخۆیانن، کە لەسەر زەویدا وێنەی نییە، بەڵام کە ئاریا دێتە سەر زەوی بێ لانە و دەرەتان دەبێت، تاوەکو پیرەژنێک کە کاتی خۆی ئاناهیتا چاکەی لەگەڵدا کردووە، فریای دەکەوێت و بە هاوکاری خزم و دۆستانی کونجێکی قوڕینە بۆ حەوانەوەی ئاریا دروستدەکات و خۆیشی لای دەمێنێتەوە. گۆڕانی

شوێن لە کۆشکەوە بۆ کونجی قوڕینە هێمای دابەزینی مەزنی و دەسەڵاتی ئافرەتە.

سیمایەکی دیکەی جیاوازی دوو جیهانەکە لە ڕووداوی خۆشەویستی و سێکسکردندا بەدی دەکرێت؛ چونکە ئاناهیتا و ئاریا دەسپێشخەر بوون لە ڕووداوی خۆشەویستی، لەبەر ئەمەش بوو "ئەهریمەن لەنێو مرۆڤەکان کردیە دەنگودۆڵ، کە ئاناهیتا لە ئاست مەزنی خۆی دابەزیوە، ئاوفرۆشی جسنی کردووە بە ئەویندارى خۆی و چاوپۆشی لە ئێزدانی تر کردووە،..." (عەلی، ٢٠٠٦، ٣٧). بە هەمان شێوەش لە پرۆسەی سێکسدا خانمە ئێزدەکان دەسپێشخەرو بەهرەمەندن، ئەمەش بێزاری لای خۆشەویستەکانیان دروستدەکات و هەستی نێرەوەرزیان بریندار دەکات. بۆیە جەمشیر نارەزایی دەردەبڕێت بەرامبەر ئاناهیتا و پێی دەڵێت: "**..لە گەرمەی حەزەکاندا دەسەڵات لای تۆیە..**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٤١). هەمان ئەو ڕووداوە لای پاوانی خۆشەویستی ئاریای تیرەمی ئاودا دووبارە دەبێتەوە، کاتێک دەڵێت: "**چی بوو ئەو لەزەتەی ئەویش کۆتایی پێ نەهات!**" (عەلی، ٢٠٠٦، ١٠٥). لێرەدا مەبەستەکە ئەوەیە کە تەنانەت لەو پرۆسەیەشدا ئەگەر دەسەڵات لای پیاو نەبێت حەزی پێ ناکەن و بێزاردەبن، جێی سەرنجە وێڕای دەستەبەرکردنی هۆکارەکانی خۆشی و چێژ لە جیهانی سەرەوە بۆ پیاوان، کەچی هێشتا ئاسوودە نین و حەز بە ژیانی سەر زەوی دەکەن، کە ئەمەش ویستی بەردەوامی دەسەڵاتی باوکسالارییە. ئەم نارەزاییەش لە دووتوێی قسەکانی جەمشیردا دەردەکەوێت کاتێک دەڵێت: "**ئێمەی نێرەوەرزی مرۆڤ، بەسروشتی ژیان و گوزەرانمان لەسەر ئەم زەمینە، خاوەن هێز و دەسەڵاتین. پاشا یان پاکار، دەوڵەمەند یان هەژار، هەریەکەو بەپێی بارودۆخی و شوێنی خۆی خۆی دەسەپێنێ، بەڵام لێرە وانییە، لێرە تۆ ئێزدی و من بەندەیەکی ملکەچی هەژارو لاوازم، نەک دوو ئەویندار، دەبێ**

**ڕۆژانە نوێژو ستایشت بۆبکەم بۆیە هەست بە ئازادی و نێرینەبوونی خۆم ناکەم..."** (عەلی، ٢٠٠٦، ٤١). وەکو دیارە هەستکردن بە بەندەیی و ملکەچی لەئاست ئاناهیتادا، ڕێگرە لە هەستی ئازادانەی نێرینەیی جەمشیر. هەمان بابەت و ڕووداو لای پاوانی خۆشەویستی ئاریای کچی ئاناهیتا بەدی دەکرێت. واتە لەبەر هەمان هۆکار جیهانی سەرەوە بەجێدەهێڵێت.

**٧-١-٣. گۆڕان و هەرەسهێنانی خانمە ئێزدەکان:** لە ڕۆمانی کەندالّی نەزردا کەسێتی 'ئاریا' هێما و سیمبولی ئەم گۆڕان و هەرەسهێنانەیە. هەر لە بنچینەوە ڕۆماننووس خەسڵەتی کارەکتەری ئاوێتەی پێ بەخشیوە بۆ ئەوەی توانای گۆڕانی هەبێت لە ڕەگەز و ناسنامەدا. لە سەرەتادا ئاریا هەرچەندە باوکی مرۆڤە، هەر بە کچی ئاناهیتا ناسراوە و وەکو تیرەمێک ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت، تەنانەت ئەرکی جێگرەوەی دایکیشی پێ دەسپێردرێت لە چاودێریکردنی ئاوەکاندا. بەڵام دوای ئەوەی ئاریا نهێنیی دوو ڕەگەزی خۆی دەزانێت و لە هەمان کاتیشدا کەوتنە داوی خۆشەویستی پاوانیش بە جارێک وای لێدەکات کە ئیتر ئێزد بوونی بەلاوە گرنگ نابێت و بڕیار دەدات ببێت بە مرۆڤ و بگەڕێتەوە سەر زەوی. ئاهورا "**..ئاریای بەرەو ئاسمان ڕاکێشا و وەکو مرۆڤێکی ئاسایی فڕێی دایە خوارەوە، بەڵام وا بە خێرایی و توندی فڕێی دا، لەگەڵ کەوتنە خوارەوەی گیانی ئازاری پێ گەیشت و هەندێک جێگای زامدار بوون و خوێنی لێهات، بەمەش دڵنیای کردەوە کە مرۆڤە...**" (عەلی، ٢٠٠٦، ١١٣). کەوتنە خوارەوە لەسەرەوە بۆ خوارەوە هێمای گۆڕانی بەها و دەسەڵاتی دایک سەروەرییە. بۆیە ئاریا وردە وردە گۆڕانکاری تێدا ڕوودەدات و تایبەتمەندی ئێزدی لەدەست دەدات و خاڵی دەبێت لە ئێزدانی، بۆنموونە "**ئەوەی ناڕەحەتی دەکرد، ئەو خوێنە ئاڵەی نێوان ڕانەکانی بوو، جاران ئەو خوێنەی نەبوو، دایکیشی بۆی باس نەکردبوو، بەڵام دوای ئەوەی بووە مرۆڤ،**

**هەموو مانگێک خوێنێکی سوورو ئاڵ و بە ژانی دەبینی، چەند ڕۆژێک ئازاری جەستەیان دەدا.."** (عەلی، ٢٠٠٦، ١٢٨). ئەمە خەسڵەتێکی مێینەبوونی ئافرەتە کە لای خانمە ئێزدەکاندا نییە. گۆڕانکارییەکی دیکەی ئاریا ئەوەیە کە وەکو خۆی بۆ پاوانی باسدەکات "**..ئەوەش بزانە تۆ هەمیشە من بەپاکی دەمبینی، چونکە من ناپژێم."** (عەلی، ٢٠٠٦، ١٠٨)، واتە هەرچەند لەگەڵ پاوان بشخەوێت بەڵام بۆ هەمیشە بە پاکیزەیی دەمێنێتەوە.

ئەمانەی سەرەوە، هەمووی گۆڕانکاریی جەستەیین، سەرباری ئەمانە، ئاریا ڕووبەڕووی گۆڕانکاریی دەروونیش دەبێتەوە "**یەکێک لە گەورەترین و مەزنترین خەمەکانی ئەوە بوو نەیتوانی باوکی بەچاکی بناسێ، لەگەڵ ئەوەش ئەوەی بۆنی ئەوی لێدەهات. ئەویشی لەدەست دا و بووە کەسەر..."** (عەلی، ٢٠٠٦، ١٢١)، بۆیە تا دەهات هەستی بە لاوازی دەکرد و باری دەروونی زیاتر دەشڵەژا، هەندێک جاریش لە دڵەوە دەیویست ببێتەوە بە تیرەم و بگەڕێتەوە ژیانی پێشووی بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو. بەم شێوەیە بە تەواوی خەسڵەتی ئێزدی لەدەست دا، تەنیا تایبەتمەندی شیفا بەخشین نەبێت کە دوایین دیاری ئاهورا بوو بۆی پێش ئەوەی فڕێی بداتە سەر زەوی. بۆ ئەوەی بەهۆیەوە سوود بە مرۆڤ بگەیەنێت و خۆیشی لە گوناهـ پاک بکاتەوە.

لە کۆتاییدا ئاریا بە هۆی لەدەستدانی تایبەتمەندیی ئێزدی دەگۆڕێت بۆ کەسێکی لاواز کە توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت. کابرا "**باسکەکانی ئاریای توند گرت، دەبێ پەندێکت پێ بکەم کەس نەتوانێت بیگێڕێتەوە... بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشا، دەمێک لە خۆڵەکەی دەخشاند و دەمێکیش بە هەردوو قۆڵەکانی کراسەکەی بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشا... ئاریا بە لەخۆباییبوونەوە گوتی من کچی ئێزدی ئاوم، لەبیری نەکەیت، تا هەڵەیەکی گەورەترت نەکردووە. ئەوسا کابرا پڕیدایە پرچی ئاریا و بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بە**

**پێکەنینەوە گوتی، جاران کچی ئێزدی ئاو بوویت، بەڵام ئێستا کچێکی بێ بایەخی و لە چاوەڕوانی پیاوێکدای، هەرکە لێت بێزار بوو بەجێی هێشتی.."** (عەلی، ٢٠٠٦، ١٢٣). لێرەدا کابرا بە ڕوونی ئاماژە بە ئاوەژووبوونەوەی دەسەڵاتی دایکسالاری دەکات و دەڵێت، **پێشتر کچی ئێزدی ئاو بوویت، ئێستا کچێکی بێ بایەخی.** واتە پێشتر پیرۆز و دەسەڵاتدار بوویت ئێستا بە پێچەوانەوە. تەنانەت هەوڵدەدات دەستدرێژیش بکاتە سەری "..کابرا دەمی خستە سەر لێوەکانی.. فڕێی دایە سەر زەوییەکە و خۆی خستە سەر جەستەیی و دەستی بەهەموو جەستەیدا دەهێنا..." (عەلی، ٢٠٠٦، ١٢٤)، بەوەشەوە ناوەستێت دەیەوێت بیکوژێت **"..سەری خستە ژێر ئاوەکە تا بەتەواوی هەناسەی نەهێڵێ... شەپۆلێکی گەورە هات و لەیەکتری ون کردن، ئاریای گەیاندە قەراغ ئاوەکە و کابراش بزر بوو."**( عەلی، ٢٠٠٦، ١٢٤-١٢٥).

ئەمانە پوختەی هەندێک جۆری توندوتیژین کە لە کۆمەڵگەی باوکسالاریدا دژ بە ئافرەت پەیڕەو دەکرێن، وەکو لێدان و کوشتن، دەستدرێژیکردنە سەر، بەکەم سەیرکردن، کە لە ئەنجامی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان پیاو و ژندا دەبێتە هۆی شکستی ئافرەت و دەسەڵاتی دایک سەروەری. کەواتە، گۆڕانکاری لە ئێزدی کە هێمای هێزو پیت و فەڕە بۆ مرۆڤێکی لاواز، سەرەتایە بۆ لەناوچوونی یەکجاری، ئەمەش لە خۆهەڵدانی ئاریا بۆ ناو کەنداڵەکە بەرجەستە دەبێت **" بە هەموو ئاواتەکانییەوە، بەیادگاری خۆش و تاڵەکانییەوە، بە جەستە و چاوە مەزن و قژە نایابەکەی، خۆی هەڵدایە نێو کەنداڵەکە،... زۆر داشکا بۆ کوێ؟ چی بەسەردێت، بەلایەوە گرنگ نەبوو، هەر ئەوەندەی دەزانی وەکو باڵندەیەکی سەربەست لە شەقەی باڵەکانی داوە، لە ئاسمانی ئازاددا دەفڕێ... دوای ئەوەی زۆر چاوەڕێی کردبوو، وەکو بڵێی چاوەڕێی گەڕانەوەی ناسنامەی خۆی بکات، ون بوو بۆ ئەوەی زنجیرەی ژیانە**

**کورتەکەی لەسەر ئەم زەمینە کۆتایی پێ بهێنێت..."** (عەلی، ٢٠٠٦، ١٣٤). خۆفڕێدانی ئاریا لەسەر شاخەوە بۆ ناو کەنداڵەکە هێمای ئاوەژوو بوونەوە و نەمانی دەسەڵاتی دایکسالارییە لە ناو گەلانی نەومیدیا. هەروەها ئاماژەیە بە قوربانیدانی ئەو ئافرەتانەی کە لە پێناو گەڕاندنەوەی ناسنامە و دۆزی ڕەوای خۆیان کە فڕینی ئازادانەیە لە ئاسمانی ژیاندا، گیانی خۆیان بەخت کردووە.

**٧-٢. پەری:** ئەمانە بوونەوەرانی سەروو سروشتن کە لە ئایین و ئەفسانەکاندا ڕۆڵێکی هاوشێوە دەگێڕن. لەم ڕۆمانەدا پەرییەکان بوونەوەری ئاسمانین، ئەرکیان خزمەتی ئێزدەکانە **"پەرییەکانی ئاناهیتا، پاکیزە و دەستەوەستان و پاکارن بۆ خزمەتکردنی خانمیان، بەنێو کۆشک و بەدەوری ئاناهیتا دەسووڕێنەوە، ئەو پەرییانە زەمانێکە وەکو پاسەوانی دانراون، ئەرکیان خزمەتکردنی ئێزدی ئاوە"** (عەلی، ٢٠٠٦، ٩). ئەم پەرییانە ڕەگەزیان نییە، بۆیە هەستیان ناورووژێت بە بینینی پرۆسەی سەرجێیکردنی ئاناهیتا و ئاریای کچی لەگەڵ خۆشەویستەکانیان **"ئەوەی پاوانی زۆر نیگەران دەکرد، فریشتەکانی بوون، کەڕادەکشان ئەوان بەدەوریانەوە دەوەستان، ڕوویان وەرنەدەگێڕا، تەنانەت چاویشیان دانەدەپۆشی... ئەوان هەستیان بەهیچ شتێک نەدەکرد، تەنیا خزمەتکردنی تیرەمی ئاو نەبێت..."** (عەلی، ٢٠٠٦، ٨٣) وەکو دیارە وێنەی پەری لێرەدا ڕەنگدانەوەی بۆچوونی ئایینییە، بەوەی کە پەرییەکان تەنیا بۆ عیبادەت و خزمەتی ئێزدان خوڵقێنراون.

**٨.ڕووداوی ئەفسانەیی:**

ڕووداوی ئەفسانەییش ئەو ڕووداوانەن کە هێزێکی سەرووی سروشت دەستی لە ڕوودانیان هەیە، واتە لە توانا و دەسەڵاتی مرۆڤ بەدەرن. ڕۆماننووس "لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ڕووداوەکاندا پەنا دەباتە بەر چەند سەرچاوەیەکی وەک واقیع، مێژوو، کلتوور، ئەفسانە...هەوڵدەدات لەم ڕێگەیەوە مەبەست و

ئامانجی خۆی بخاتە ڕوو" (عەلی، ٢٠١٧، ١٥١). لەم ڕۆمانەدا چەندین ڕووداوی ئەفسانەیی پیشاندراوە، گرنگترینیان ئەو دوو ڕووداوەیە کە پەیوەندی بە کەونە چەشنی ئاوەوە هەیە. یەکەمیان ڕووداوی لافاوە کە بە هۆی تووڕەبوونی تیرەمی ئاوەوە ڕوودەدات، دووەمیشیان پەتای ڕەشە کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لەناو دەبات، ئەمیشیان بەهۆی پیسبوونی ئاوەوە دەبێت بە پلانی ئەهریمەن.

لەم ڕووەوە لە ئەفسانە کۆنەکاندا باس لە ڕووداوی لافاوێکی گەورە دەکرێت کە زۆربەی مرۆڤایەتی لەناو بردووە. جێمس فرێزەر لەم بارەیەوە دەنووسێ: "ئەوەی زانراوە لە مێژووی ئەفسانەی لافاوی گەورە، ئەوەی کە بووە هۆی لەنێوچوونی نزیکەی تەواوی خەڵک، بە بڵاوبوونەوەیەکی زۆر بڵاو جیهانی گرتەوە" (حەسەن، ٢٠٢٠، ٩٦). تەنانەت ڕووداوی لافاوی گەورە لە ئایینە ئاسمانی و زەمینییەکانیشدا باسی لێوە کراوە. بە بۆچوونی ئەفسانەناسان هۆکاری لافاویش ئەوەیە خواوەند لە مرۆڤ تووڕە دەبن و بە لافاو سزای دەدەن (حەسەن، ٢٠٢٠، ٩٦). هەر ئەم هۆکاری تووڕەبوونەی ئێزدانە لە ڕۆمانی کەندالّی نەزردا وەکو هۆکارێك بۆ ڕوودانی لافاوێکی بەهێز مەزرێنراوە، کە کاولکارییەکی زۆری لێکەوتووەتەوە. واتە کاتێک ئاریای تیرەمی ئاو پاوانی خۆشەویستی بەجێدەهێڵێت و دەڕوات، ئەمیش فەرمان بە ئاوەکان دەدات و دەڵێت:"**...ئەی ئاو..بڕۆ سەدان دارستان و کەژو کێو لە باوەشی خۆت بگرە و هەر بڕۆ، مرۆڤەکانیش لە باوەشی خۆت بگرە... گریانی بە خوڕی زەوی هەراسان کرد، هەموو نەخشەکانی ئاوی تێکدا، هەر ئاوە و بەهەوەسی خۆی بۆ لایەک دەڕۆیشت،... فرمێسکەکانی لافاویان بەست، لافاوەکەش بەردەوام بوو، بەدرێژایی حەوتەکە بەردەوام بوو.. دەتگوت زەوی سەراوی تەقیوە و لەحاڵەتی منداڵبووندایە.. چەند شار و دێهاتی وێران و بەرباد کرد...**" (عەلی، ٢٠٠٦، ١١١). لێرەدا بە مەبەست ئاماژەکردنە بە گۆڕانکاری دۆخی ئافرەت لەنێوان

مێژووی کۆن و نوێدا، چونکە جۆرێک لە هێما کە پەیوەستە بە کەونە چەشنی ئاوەوە پەیوەندی بە مردن و ژیانی نوێوە هەیە. واتە "تۆفان یاخود ڕۆچوونی دوورگەیەک لە ئۆقیانووسێک و هێمای دیارنەمان وێنەیەکی کۆن' بەمەبەستی پەیدابوونی "وێنەیەکی نویّ" هەژمار دەکرێت" (الیادە، ١٣٧٦، ٢٢٣). واتە ڕووداوی لافاو بۆ جیاکردنەوەی وێنەی دوو سەردەم بەکاردێت، سەردەمی پێش لافاو و سەردەمی پاش لافاو. بۆیە لێرەدا ڕۆماننووس ڕووداوی لافاو دەکات بە خاڵی جیاکاری وێنەی ئافرەتی کورد-میدیایی- بەر لە لافاو و دوای لافاو. چونکە بەر لە لافاو بە سەردەمی دایکسەروەریی هەژمار دەکرێت، بەوەی کە ئاناهیتا و ئاریای کچی ئێزد و تیرەمی ئاون و دەسەڵاتی ڕەهایان هەیە و خەڵکی نەومیدیا بە پیاو و ژنەوە دەیانپەرەستن و ستایشیان دەکەن و قوربانییان پێشکەش دەکەن. بەڵام هەمان ئەو ئاریایە لە سەردەمی دوای لافاودا کاتێک دەستبەرداری ئێزدبوون دەبێت و مرۆڤبوون هەڵدەبژێرێت، ئیتر لەلایەن پیاوەوە سووکایەتی پێدەکرێت و توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت، تەنانەت هەوڵی دەستدرێژیکردنە سەریشی دەدرێت. (عەلی، ٢٠٠٦، ١٢٢-١٢٤). ڕۆماننووس ویستوویەتی ئاماژە بە هەرەسهێنانی دەسەڵاتی دایکسالاری بکات لەناو گەلانی میدی و ئاری لە پەرەستراوییەوە بۆ پلە دوویی و چەوساندنەوە.

ئەم ڕووداوی لافاوە دەکرێت دەقئاوێزانی ئەفسانەی ئێزدییەکانیش بێت، چونکە لای ئێزدییەکان هەمان ڕووداو بەدی دەکرێت کە لە ڕۆمانی کەنداڵی نەزردا هەیە. ئەوان پێیان وایە کە ئاوی کانی گەلی لالش تەنیا کانییەک بوو لە کاتی لافاو و تۆفان بە پاکی و زوڵاڵی مابووەوە، بۆیە ئێزدییەکان دەڵێن ئەو کانییە هێڤی لالشە و لالشیش هێڤی زەوییە (حەسەن، ٢٠٢٠ ، ١-٧). لەم ڕۆمانەشدا کانی ئاناهیتا تەنیا کانییەک بوو کە لە کاتی لافاودا بە پاکی مابووەوە و سەرچاوەکەی تێک نەچوو و لێخن نەبوو.

ڕووداوی دووەمیش ئەهریمەن بۆ تۆڵەکردنەوە لە ئاناهیتا سەرچاوەی ئاوی ئاناهیتا ژەهراوی دەکات. وەکو لە ڕووداوەکەدا هاتووە، بە هۆی ئەهریمەن و یارانییەوە سەرچاوەی ئاوی نەومیدیا پیس دەکرێت و خەڵکەکە ڕووبەڕووی نەخۆشی و مردنی بە کۆمەڵ دەبنەوە. پەتای ڕەش "**... هەموو ئومێد و هێمنی و خۆشی لێ پچڕاندن، لەپڕ بەکۆمەڵ لەناودەچوون و ئەسپاردەی مەرگ دەبوون، نەخۆشییەکی کوشندە باڵی بەسەریاندا کێشا... حەکیم و دەرمانسازی وڵات سەریان سوڕمابوو، هیچ هەوڵێکیان ئاکامی نەبوو...**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٢٥). ڕووبارەکە دەگریا و دەیگوت: "**من تاوانبارم خانمەکەم منم ئەو خەڵکەم تووشی کارەساتەکە کردووە، بۆیە بمڕووخێنە، وشکم بکەوە، وێرانم بکە، چیم لێدەکەی بیکە**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٢٧).

٩. **نەزر (قوربانی):** ئەم جۆرە کەونە چەشنە وەکو ناونیشانی ڕۆمانی توێژینەوەکەمان سوودی لێ وەرگیراوە، کە لە کۆنەوە تاوەکو ئێستاش بابەتێکی کولتووریی تێکەڵ بە ئایین و ئەفسانەیە، چونکە جۆرێک لە ستایشکردنی ئێزدان نەزرکردنە. ئەمەش لەلایەک مرۆڤ لە تاوانەکانی پاک دەکاتەوە بۆ ئەوەی بکرێت و ویستەکانی لەلایەن ئێزدانەوە بەدی بهێنرێت، لەلایەکی دیکەش دووپاتکردنەوەی ملکەچی مرۆڤ و مەزنی ئێزدانە. لە ناونیشانی ڕۆمانەکەدا دیارە ئەم جۆرە کەونە چەشنە بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و لە زۆربەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا ڕەنگیداوەتەوە. کە گرینگترینیان ئەمانەن، نەزرکردنی ئایینی، لەم جۆرەدا گیانلەبەران دەکەن بە نەزر و قوربانی بۆ ئەوەی ئێزدی ئاو ئاناهیتا ویستەکانیان بەجێ بهێنێت. وەکو لە بەشی کەونە چەشنی 'ئاو'دا ئاماژەی پێکرا، پادشا و فەرمانڕەواکان قوربانییان پێشکەشی ئاناهیتا کردووە بۆ ئەوەی سەرکەوتووبن. بۆ نموونە کیاکسار کاتێک ویستی دەسەڵاتی فراوان بکات چەندین سەر مەڕ و ئەسپ و گای لەسەر چیای 'هۆگەرە' کردە

قوربانی بۆ ئاناهیتا، بۆ ئەوەی سەرکەوتووی بکات. هەروەها جۆرێک لە نەزری دیکە باسکراوە کە خۆشەویستەکان دەیانکرد بۆ ئەوەی بەیەک بگەن وەکو ڕووداوی ئاسکە کەتیرە و مامزە کێوی "**پاش ئەوەی کانییەکی نوێ تەقییەوە سێ ڕۆژان کچە و کوڕە بەدزی چوونە سەر کانییەکە و لە ئاهورا و ئاناهیتا پاڕانەوە، کە بەیەکتریان شاد بکەن، لەسەر داخوازی ئاناهیتا سپەندارمزی فریشتە باوک و هەر حەوت برای ڕازی کرد، بەمەرجێک کچە هیچ بەشێک لە سامانی باوکەکەی بەرنەکەوێت...**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٧٨). ئەمەش نەریتێکی باوی هۆزگەرییە لەسایەی دەسەڵاتی باوکسالاریدا. چونکە باوان سەرپشک بوون لە بە شوودانی کچ، ئەگەر کچ بە ویستی خۆی هاوسەرگیری بکردایە لە میرات بێبەش دەکرا.

جۆرێکی دیکەی نەزرکردن پەیوەندی بە خودی مرۆڤەوە هەیە، واتە لەبەرامبەر داواکارییەکانیان خۆیان نەزری ئێزدان کردووە "**ساڵ بەساڵ دێوانەکان لەزیادی دەدەن، زۆربەشیان لەو کەسانەن کە وەختی خۆی نەزریان گرتووە و ئاناهیتاش کامڕەوادی کردوون و بەختەوەری پێیان بەخشیوە، ئەوانیش خۆیان بۆ ئێزدی ئاو نەزر کردووە**" (عەلی، ٢٠٠٦، ١١). نموونەی دیاری نەزریش 'خنێ'یە کاتێك کوڕە شەش ساڵەکەی تووشی نەخۆشی ئاوڵە دەبێت، هەر کەس بیگرتایە دەمرد، دکتۆر و دەرمان نەما چاری نەبوو، بۆیە خنێ دڵنیابوو ئەگەر بیباتە سەر کانی 'کوژەکە' کوڕەکەی چاک دەبێت، بەڵام نەیدەزانی لە بەرامبەردا چی بۆ نەزر بکات؟ چونکە خۆی لە ئاستی نەزری ئاناهیتا نەدەبینی، دواتر بڕیاری دا خۆی بۆ ئاناهیتا نەزر بکات.

بەڕۆژووبوون و خەڵوەتکردنیش بەشێک بوون لەو نەزرانەی کە بۆ ئاناهیتا دەکرا. ئەمەش نەریتێکی زەردەشتییەکانە "**ئاناهیتا لەبەر دڵی ئەردەشێر شەوێک دەچێتە خەونی و پێی دەڵێ، 'ئەگەر دەتەوێ شاژن چاک بێتەوە،**

**دەبێ حەوت ڕۆژ لە ئاتەشگا نەیەیتە دەرەوە، بۆ منیش بەڕۆژوویت، ڕۆژی لەتە نانێک و جامە ئاوێک بخۆیتەوە، بەدرێژایی ئەو حەوت ڕۆژەش بەدەستی خۆت تاسەیەکی زێڕین دروست بکەی، کە تەواویش بوو، با شاژن حەوت ڕۆژ لەسەر ڕووباری یەفتەر بەو تاسەیە سەری خۆی بشوا..."** (عەلی، ٢٠٠٦، ٢٤).

بەڵام دیارترین نموونەی نەزرکردن لە ڕۆمانەکەدا، ڕووداوی نەزری ئاریایە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ناونیشانی ڕۆمانەکەوە هەیە. وەکو دیارە یەک لەو هۆکارانەی کە هانی ئاریای دا بۆ ئەم کارە دۆزینەوەی وێنەی باوکی بوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە پاوانی خۆشویست و تەنانەت خۆشی بۆ نەزر کرد. چونکە لەلایەک باوکی نەدیبوو، لەلایەکی دیکەش ئەوکەسەی لە باوکی دەچوو بەجێیهێشت. دۆناودۆنی وێنەی باوکی و خۆشەویستەکەی هێمای هاوشێوەیی و بەردەوامیی وێنە و بیری پیاوانی سەردەمی باوکسالارییە. چونکە هەردووکیان وێڕای ئەوەی ڕوخساریان هاوشێوەی یەکتری بوو، بۆچوونیشیان لێکدەچوو، کە بریتی بوو لە هەست نەکردن بە نێرینەیی لەپاڵ خانمە ئێزدەکاندا. دواتریش هەردووکیان ڕەوتی ڕووداوی ڕۆمانەکەیان بەهەمان ئاراستە برد کە هەڵبژاردنی ژیانی زەوی و بەجێهێشتنی خۆشی و چێژی جیهانی ئاسمان لەپێناو بەردەوامیدان بە سیستەمی باوکسالاری. دەکرێت دیوێکی دیکەی ئەم ڕووداوە کێشەی ئەو کچانە بێت کە باوکی خۆیان نەبینیوە لەبەر هەر هۆکارێک بێت، یاخود باوانیان هەستەکانیان نابینن. بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دوای پلانی کەسانی ئەهریمەن ئاسا دەکەون. لە ئەنجامیشدا دوچاری ئازارێکی زۆر دەبن. لە هەردوو باریشدا پیاو بە هۆکاری یەکەمی ئەو دۆخە دانراوە.

هۆکارێکی دیکەی ئەم ڕووداوە، گەڕانە بەدوای ناسنامەدا. بوونی دوو ڕەگەزیی لە ئاریادا وای لێکرد ڕەگەزی مرۆڤبوون هەڵبژێرێت. بەڵام لە ڕاستیدا بوونی ئەو ڕابردووی دایکسەروەری کە لە نەستی کۆی هەر ئافرەتێکدا هەیە، وای لێدەکات بەردەوام هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بەو بەشەی نائاگایی و ناسنامەی کۆن و فەرامۆشکراوی خۆی زیندوو بکاتەوە. لەکاتێکدا پاوان بە پێچەوانەوە بیردەکاتەوە **"من باوەڕم بەتیرەمی ئاو هەیە، هەموو فەرمان و خواستەکانیشی بەجێ دەگەیەنم، بەڵان نامەوێ خۆمی بۆ نەزرکەم و ئەوینەکەشم لەپێناوی بەخت بکەم..."** (عەلی، ٢٠٠٦، ٨٣).

سەرەتای ئەم بیرۆکەی نەزرکردنەش لای ئاریا بەم شێوەیە دەستپێدەکات: "**..ئەو رۆژی-پاوانی- بردە لای کەنداڵەکە و پێی گوت، ئەوەی وا دەیبینی لە هەموو کەنداڵێک جیاوازترە، چونکە ئێرە کەندالّی نەزرە!**

**-ڕاستە دەڵێن هەموو خواستێک بەدی دەهێنێ؟!**

**- نەخێر وانییە، ئەهریمەن زەمانێکە ئێرەی داگیر کردووە...مرۆڤی بەوە فریو دا کە ئەوەی چوار ساڵان فرمێسکی خۆی نەزری کەنداڵەکە بکات، خواستێکی بۆ دێتەدی، بەمەرجێک ڕۆژی سەد فرمێسک بە کەنداڵەکە ببەخشێ، ئەگەر بەو چوار ساڵە خواستەکەی نەهاتەدی دەبێ گیانی خۆی نەزر بکات، هەتا خواستەکەی بۆ بێ... هەرکەسێک لەسەر ئەو کەنداڵە نەزر بگرێت، لەلای ئێزد و فریشتەکان گوناهبار دەبێت...**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٨٤-٨٨).

لە ئەفسانەناسیدا کەنداڵ و چاڵ هێمای نائاگایین، لەکاتێکدا شاخ هێمای ئاگاییە. هەروەها ئاسمان و جیهانی ئێزدان هێمای نائاگایی و سەر زەویش هێمای ئاگاییە. بۆیە لە ڕووداوی خۆ نەزرکردنی ئاریادا ئامانج خستنەڕووی دۆزی ئافرەتە وەکو پێشتریش ئاماژەی پێکرا. ئاریا کاتێک لە ئاسمانەوە دێتە سەر زەوی هەوڵی ئەوەی داوە وێنەی ئافرەت لە نائاگاییەوە بگوازێتەوە بۆ

ئاگایی؛ لەپێناو ئەمەشدا چەندین ساڵ فرمێسکی ڕشت و ئازاری چەشت، کەچی ئاواتەکەی نەهاتە دی، بگرە ڕووبەڕووی توندوتیژی و هەوڵی دەستدرێژی و تەنانەت کوشتنیشی درا. لە کۆتاییشدا هەوڵەکەی بێ ئاکام دەبێت و خۆی فڕێ دەداتە کەنداڵەکەوە. واتە جارێکی دیکە وێنەی ئافرەتی سەردەمی دایکسالاری دەگەڕێتەوە قووڵاییەکانی ئاگایی فەرامۆشکراو. ئەمەش ئاماژەیە بۆ قوربانیدانی ئەو ئافرەتانەی کە بە درێژایی مێژووی باوکسالاری هەوڵی گەڕانەوەی سەروەریی ئافرەتیانداوە.

**١٠. شوێنی ئەفسانەیی:** ئەو شوێنانەن کە لەسەر نەخشەی جوگرافی زەوی دیار نین، واتە زادەی خەیاڵی مرۆڤن. لە ڕۆمانی کەنداڵی نەزردا ڕۆماننووس لە پێناو پێکانی ئامانجی سەرەکی بابەتی ڕۆمانەکەی کە دۆزی ئافرەتە، جۆرێک لە دژیەکی لە پێکهاتەی شوێنی ڕۆمانەکەدا بەکارهێناوە. بۆ نموونە کۆشکی ئاناهیتا و شوێنی ئێزدەکان کە بەرزترین و خۆشترین شوێنە **"کۆشک و تەلارەکەی بەهەشتێکە بۆخۆی، بەهارێکی ڕاستەقینە و هەمیشەییە.. سەرتاپای تەلارەکەش کولیلک و گوڵی هەمەچەشن و داروباری کەسک موڕسەتیان کردووە... لێرە هەموو ئاوێک هەیە، ئاوی شیرین، ئاوی وەشەن، ئەسرین، بێگەرد... لێرە هەموو شتێک جیاوازە. هەور، بارانی عەتر دەبارێنێ... ئێرە خۆشترە لە خۆشی، سازترە لە جوانی..."** (عەلی، ٢٠٠٦، ٧). ئەم جۆرە شوێنانە تایبەتن بە ئێزدەکان و بۆ مرۆڤ خەونن **"لێرەدا جڵەوی خەیاڵ لەدەست دەدەیت و چاو بەرەو دەرگایەکی ئەفسانەیی دەڕوات... پەنجەرەکانی ئەو کۆشکە بۆ ئەوەندە بەرزن، لەوێوە دەتوانیت دەست بگەیەنیتە بورجەکانی مانگ .. لەو ژوورە هەستدەکەم لە خەوێکی ئەبەدی دەژیم، نازانم تەماشای چی بکەم و لە چی ورد بمەوە، هەموو شتێک لە یەک وەختا سەرنجت ڕادەکێشێ.."** (عەلی، ٢٠٠٦، ٧٦-٨٢). ئەم شوێنانە بەگشتی شوێنی هۆگرن،

بەڵام لەبەر ئەوەی ئاریا لە ڕووی دەروونییەوە لەوێ هەست بە ئارامی و گەرمیی خۆشەویستی ناکات، بۆی دەبێتە شوێنێکی ناهۆگر و بەردەوام تێیدا هەست بە نائارامی دەکات. یاخود ژووری ئاریا کە پێشتر بۆی شوێنی هۆگر و جێی ڕامووسانی ئاریا و پاوان بوو، دواتر دەبێتە شوێنێکی ناهۆگر کە ئاریا تێیدا بێ ئۆقرەیە و پاوانی بیردێنێتەوە. بۆیە بڕیاری دابەزینە سەر زەوی دەدات لەپێناو پڕکردنەوەی کەلێنی خۆشەویستی و دۆزینەوەی وێنەی ئەنیمۆسی ناخی. کە لەڕاستیدا سەرزەوی و لێواری کەنداڵەکە شوێنی ناهۆگرن، بەڵام بۆ ئاریا دەبنە شوێنی چاوەڕوانی بەدەستهێنانی خۆشەویستی و شوێنی هۆگر لە ڕووی دەروونییەوە. لێرەدا وێنەی ئاریا لەلایەک وەکو خاڵی پیشاندانی ئەو دژیەکییەی شوێن بەکارهێناوە، چونکە ئاریا نیوەی ئێزدە و نیوەی مرۆڤە بۆیە توانای ژیانی لە هەردوو جیهاندا هەیە. لەلایەکی دیکەش هاتنە خوارەوەی ئاریا لە سەرەوە بۆ خوارەوە و دواتریش خۆ فڕێدانە ناو کەنداڵەکە کە نزمترین شوێنە و هێمای کەوتنی دەسەڵاتی دایکسالارییە لە لووتکەی پەرستنەوە بۆ نزمترین ئاست و لەوێشەوە بۆ داهاتوویەکی نادیار، چونکە کەنداڵ هێمای نادیارییە.

هەروەها وێڕای کۆشک و تەلاری ئاناهیتا ئاماژە بە شوێنی ئێزدانی دیکەش کراوە، لەوانە، **'گەر زەمان'** **"بەرزترین جێگایە لە ئاسمان و عەرشی خۆیەتی، هەروەختێ بیەوێ ئێزد و فریشتەکانی ببینێ، بانگی ئەوێیان دەکات"** (عەلی، ٢٠٠٦، ١٥). واتە جێی کۆبوونەوەی ئێزدانە. دواتر لەسەر زەویش ئاماژە بە هەندێک شوێن دەکرێت کە تێکەڵێکی خەیاڵ و ڕاستین. بۆنموونە **'کانی کوژەکە'** ئەو کانییەیە کە هەموو بەیانییەک زوو ئاناهیتا مەلەی تێیدا دەکات **"بەهاوین و زستان ناگۆڕێ، هیچ کانییەک هاوچەشنی نییە... بەوردی سەیری بکەی هەستی ژیانەوە دەبەخشێت، دەکەوێتە نێو دارستانێکی دێرین و لەپشت**

**دارستانەکەش کۆمەڵە چیایەکی دێرین سەریان بەرز کردووەتەوە"** (عەلی، ٢٠٠٦، ٩). بەگشتی بوونی ئەم جۆرە شوێنانە سیمایەکی ئەفسانەیی سەرنجڕاکێشیان بە ڕۆمانەکە بەخشیوە.

**١١. کاتی ئەفسانەیی:** لە ڕۆمانی کەندالّی نەزردا ڕۆماننووس هەوڵیداوە کاتە ئەفسانەیی و ڕاستییەکان لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا دابەش بکات، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆمانەکەی بەسەر چەند ناونیشانێکدا دابەش دەکات (ئاناهیتا، ئیمپراتۆریەتی نەو میدیا، جەمشیر، ئاریای دولبەر، کانی دڵداران، پاوان، کەندالّی نەزر)، کە هەریەکێکیان گوزارشت لە سەردەمێک دەکەن. بەڵام دیسانەوە لە کاتی گێڕانەوەدا بازبازان بە کات کراوە لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و بە پێچەوانەوە. جێی سەرنجە لەم ڕۆمانەدا ئاماژە بە کاتی داهاتوو نییە، ئەمەش هێمای بەردەوامیی دۆزی ئافرەتە.

هەر لە سەرەتای دەستپێکی ڕۆمانەکەدا ئاماژە بە نادیاریی کات کراوە، کە دەستپێکی گەردوونە و کاتێکی ئەفسانەییە. لەم ڕۆمانەدا بەزۆری کاتی گشتی و نادیار ئاوێتەی کاتی ئەفسانەیی کراوە، بۆئەوەی باڵانسی گێڕانەوەکە نەشێوێت. بۆ ئەم مەبەستەش کاتی ئەفسانەیی پەیوەست کراوە بە جیهانی ئێزدانەوە، چونکە لەوێدا کاتەکان جیاوازن **"شەو لێرە لە زەمانێکی تردایە، ئاسمانی شەو زۆر هێمنە و باخچە و گوڵەکانیش بەڕەنگەوە دیارن"** (عەلی، ٢٠٠٦، ٨٠). دواتر جیاوازیی هەردوو جۆرە کاتەکە لەسەر زمانی پاوان باس دەکرێت **"هێشتا نازانم چەندێکە لێرە بەندم، هەستکردنم بەوەختەکان لەدەست داوە"** (عەلی، ٢٠٠٦، ٨٣). بەپێچەوانەشەوە کاتی ڕاستیش پەیوەستە بە ژیانی سەر زەوی، بۆیە کاتێک ئاریا دێتە سەر زەوی هەست بە جیاوازیی کات دەکات **"هەستی دەکرد شەوی ئێستای زۆر تاریک و ساردە، وەکو جارانی خۆی نەماوە، کە لەنێو کۆشکەکەی لەگەڵ فریشتەکانی شەویان بەڕێ دەکرد، تیشکی خۆریش وەکو**

**جاران زەردەخەنەی بۆ نەدەنواند، بەڵکو پێستی ناسکی دەسووتاند، سەرماش دەیتەزاند**" (عەلی، ٢٠٠٦، ١١٦). مانگ و ساڵ و شەو و ڕۆژ و وەرزەکان لە جیهانی ئێزداندا جیاوازە و پێوەرەکەی دیارنییە. بۆیە پاوان نازانێت لە کەیەوە لای ئاریایە و چەندی پێ چووە؟!

لە پاڵ کات و سەردەمی ئەفسانەیی و ڕاستیدا ئاماژە بە دوو جۆرە کاتی دیکەش کراوە، ئەوانیش، کاتی مێژوویی و کاتی دەروونین. بۆ نموونە باسکردنی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی مادەکانە لە سایەی دەسەڵاتی کیاکسار و ئەردەشێردا، ئاماژەن بۆ کات و مێژوویەکی کۆن. لە هەمان کاتدا ئاماژە بە کاتی مێژووی نوێش کراوە کە شەڕی برا کوژییە. کاتی دەروونیش ئەو کاتانەن کە بە گوێرەی باری دەروونی کارەکتەرەوە بە شێوەی نائاسایی کورت و درێژ دەبن، واتە کاتێک کەسەکە لە ژینگەیەکی لەباری دەروونیدا بێت هەست بە تێپەڕبوونی کات ناکات. لێرەدا ئاناهیتا و جەمشیر، ئاریا و پاوان کاتێک کە لە گەرمەی چێژ و خۆشەویستین هەست بە تێپەڕبوونی کات ناکەن. بۆ نموونە پاوان کاتێک دێتە کۆشکی ئاریا کاتەکەی بەهارە بێ ئەوەی هەست بکات دەبینێ کات بووە بە پایز، ئەمەش کاتێک تێبینی دەکات کە "**بۆ یەکەم جاریش کاتێک پاوان چووە دەرەوەی تەلارەکە، تیرەمی ئاو بردیە نێو دارستانێکی گەورە، دارەکان ڕووت ببوونەوە، یەک پەلکیان پێوە نەمابوو.. هەستی کرد لە مێژە لای ئاریایە و زۆر لە تەمەنی لای ئەو بەسەر بردووە..**" (عەلی، ٢٠٠٦، ٨٣) بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، چونکە ناو کۆشک هەمیشە بەهارە. دواتریش هەر هەمان کەس-پاوان- کاتێک لە ئاریا بێزار دەبێت هەر شەوێکی لێ دەبێتە شەوی یەڵدا.

**١٢. جادوو و خورافە 'دەرەمۆک'**: دوو ڕەگەزی گرنگی ئەفسانەکانن، لە هەمان کاتدا یەک لە مەرجەکانی سیمای ئەفسانەیی دەقن. ئەم دوو 'کەونە

چەشنە' لە ڕۆمانی کەنداڵی نەزردا بە شێوەیەک لێک گرێ دراون کە ناکرێت بە جودا نموونەیان بۆ بهێنرێتەوە، بۆیە ئێمەش لەژێر یەک خانەدا پۆلێنمان کردوون. ئاشکرایە جادوو بە مانای هێزێکی ئەهریمەنی دێت کە لە سەرووی دەسەڵاتی مرۆڤە و دەست لە کاروبار و ڕووداوەکان وەردەدات بۆ ئەوەی بە ویستی مرۆڤەکان بەڕێوەبچن. خورافەش ئەو باوەڕ و بیرکردنەوە خەیاڵییانەن کە هیچ بنەمایەکی ئایینی و زانستییان نییە، پەیوەندییان بە کولتوور و فۆلکلۆرەوە هەیە و بە میرات بۆ خەڵکی ماونەتەوە. دیارترین نموونەی ئەم کەونە چەشنە لە ڕۆمانەکەدا بەسەرهاتی ئەو پیرەژنەیە کە لەسەر زەوی خزمەتی ئاریای دەکرد. کاتێک لاو بووە خۆشەویستەکەی مردووە، دوای مردنیشی هەرگیز نەهاتووەتە خەوی، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا پەنای بۆ خورافە بردووە **"پێیان دەگوتم ئەگەر پەلکی پرتەقاڵ بخەیتە ژێر سەرینت خۆشەویستەکەت دێتە خەوت، وابزانم یەک باخچە پرتەقاڵم خستە ژێر سەرینەکەمەوە کەچی هەر نەهاتە خەوم"** (عەلی، ٢٠٠٦، ١١٥). دواتریش بۆ ئەم مەبەستە دەسەڵاتی جادوو تاقی دەکاتەوە **"هەتا جادووگەرێک جادووی بۆ کردم، کە ئەو شەوە بێتە خەونم، لەبری ئەوەش ملوانکە زێڕەکەی خۆم پێی بەخشی، چونکە لە ملمی بینی و جگە لەوە بە هیچی دیکە ڕازی نەبوو.. بەڵام ئەو شەوە نەهات و شەوی دواتریش نەهات، هی دواتریش هەر نەهات، ساڵێکیش بەو هیوایە ناڵاندم"**( عەلی، ٢٠٠٦، ١١٥). لەم ڕۆمانەدا بەچەندین شێوە عەوداڵبوونی ئافرەت بەدوای خۆشەویستیدا پیشاندراوە، کە ئەم نموونەیە جۆرێکیانە. لێرەدا ڕۆماننووس هەم خۆشەویستی وەکو خاڵی لاوازی و شکستی ئافرەت پیشاندەدات. هەمیش پەردە لەسەر ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی ئافرەت دادەماڵێت و تەنانەت ڕەخنەشیان لێدەگرێت. چونکە لەبری ئەوەی پشت بە تواناکانی خۆی و ئەزموونی ئافرەتانی دیکە ببەستێت، پەنا دەباتە بەر ئەو جۆرە کەسانەی کە بەناوی

جادووەوە ئافرەت فریو دەدن. هەر لەبەر ئەمەشە ڕۆماننووس شکست بە دەسەڵاتی خورافە و جادوو دەهێنێت لەبەرامبەر توانای ئافرەت کە 'ئاناهیتا'یە. بۆیە هەمان ئەو پیرەژنە دوای تاقیکردنەوەی دەسەڵاتی جادوو و خورافە بە ڕێکەوت داوا لە ئاناهیتا دەکات و ئەویش داواکەی بۆ جێبەجێ دەکات **"ڕۆژێک هەر لەخۆمەوە لەسەر کانییەکەی نزیک ماڵمان لە ئاناهیتام خواست، بۆ یەک شەو و دواشەو ئەو کوڕە بێتە خەونم! سوێند بە ئاناهیتا هەر ئەو شەوە هاتە خەونم"** (عەلی، ٢٠٠٦، ١١٥). لێرەدا دیسانەوە بابەتی نەزر تێکەڵ بە ڕووداوەکە دەکات. هەر لەو بارەیەوە کاتێک ئاریا لەسەر زەوی خەریکی نەزرکردنە بۆ کەنداڵەکە **"پیرە بەساڵاچووەکان پێشبینی ئەوەیان کرد، کە ئاریا بەختی بەستراوە و تەنیا پاوان چارەیەتی"** (عەلی، ٢٠٠٦، ١٢٠). ئەمەش جۆرە بۆچوونێکی خورافیی دیکەیە ئاوێتەی بابەتی نەزر کراوە.

نموونەیەکی دیاری دیکەی ئەم بوارە لە بەسەرهاتی شاژنی کاسە زێڕینیشدا بەدی دەکرێت کاتێک **"کە شاژن بە نۆبەرەکەی زەیستان دەبێ.. ئەوشەوە ئاڵەی ناحەز بەفەرمانی ئەهریمەن پەیدا دەبێ، بۆئەوەی یان شاژن یان کۆرپەکەی بخنکێنێ، شاژن بەجۆرێک بەئاگا دێت دەتگوت دڵی خەبەری دابوو، دەبینێ وا جانەوەرێکی ناحەز کە بە شێوەی تارمایی دیارە، خوێنی کۆرپەکەی دەمژێ.. قیژە شێتانەکەی خەڵکی قەڵا وەئاگا دەهێنێ و هەر بەو حاڵەش دەبوورێتەوە، سەرەنجام کۆرپەکەی دەمرێ و خۆیشی تووشی ژانەسەرێکی توند دەبێ..."** (عەلی، ٢٠٠٦، ٢٤). لە کولتووری کوردەواریدا ژن کە منداڵی بوو چل ڕۆژ بەجێی ناهێڵن نەوەک ئاڵە' شەوە' زیان بەخۆی و منداڵەکەی بگەیێنێت.

**ئەنجامەکان**

١.بەکارهێنانی ناوەرۆکی ئەفسانەیی لای ڕۆماننووس زیندووکردنەوەی ئەفسانەی ئاناهیتا و پێکهاتەی ئایینی زەردەشتی و بەشێک لە مێژووی کۆنی کورد. کە ئەمەش زیندوویی بە دەقەکە دەبەخشێت. ئەم ئاوێتە و ئاوێزانکردنە بە جۆرێک ئەنجام دراوە کە لەخزمەتی لایەنی هونەری و ناوەرۆکی ڕۆمانەکەدایە.

٢.کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە، ئەزموونی سەردەمی دایکسالارین. بەناز عەلی بۆ پیشاندانی وێنەی ئافرەت، بەهەڵبژاردنی زمانێکی هێمائامێز پەیوەندیی ئێزد و ئاو و ئافرەت دروستدەکات.

٣.پاڵەوانە ئافرەتەکان لەلایەک بەرجەستەکردنی مرۆیی و زەمینی ئێزدە ئافرەتەکانن، لە لایەکی دیکەش لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە بەهۆی دەسەڵاتی باوکسالاری و چەوساندنەوەی ئافرەتەوە دروستکردنی ئەو جۆرە کارەکتەرە ئەفسانەییانە ڕەخنەگرتنە لە بیر و نەریتی کۆمەڵگەی باوکسالاری، بە مەبەستی گەڕانەوەی سەروەری و پیرۆزیی ئافرەت.

٤.نەبوونی برا لای کچەکانی کیاکسارو نەبوونی باوک لای ئاریا زەمینە خۆشکەرن بۆ دەرکەوتنی ئەنیمۆسی دەروونیان.

٥.سێبەر لەم ڕۆمانەدا بابەتێکی بەڕواڵەت تاکەکەسییە. بەڵام لە ڕاستیدا میللی و کۆیە و خاوەنی لایەنی کۆمەڵایەتی بەهێز و دیارە، بەجۆرێک سەرکەوتن بەسەریدا دەبێتە هۆی ڕزگاربوونی تاک و کۆمەڵگە، شکستهێنانی بەمانای شکستی تاک و کۆمەڵگەیە.

٦.خاڵێکی ئاڵۆز و جێی هەڵوەستە لەم ڕۆمانەدا، خۆکوژی ئاریایە، کە هێمای سەرکەوتنی سێبەری ئاریایە بەسەر ئاگاییدا.

٧.بەکارهێنانی شوێنی دژیەک لە ڕۆمانەکەدا بۆ پیشاندانی چۆنیەتی کەوتنی دەسەڵاتی دایکسالارییە.

٨.وێڕای کاتی ئەفسانەیی بەزۆری کاتی مێژوویی و دەروونی بەکارهاتووە، بەڵام ئەمانیش بەرگێکی ئەفسانەییان بەبەردا کراوە. بۆیە بەدەگمەن خوێنەر هەست بەکاتی سروشتی دەکات.

## سەرچاوەکان

### یەکەم-سەرچاوە کوردییەکان:


- ئەحمەد زادە، هاشم (٢٠١٥)، جیهانی ڕۆمان، چاپی یەکەم، ئەندێشە، سلێمانی.
- ئیبراهیم، ڕێزان عەلی (٢٠٠٠)، گرنگترین تیۆرەکانی کەسایەتی تیۆری شیکاری، گ. ڕامان، ژ ٤٨، هەولێر.
- جاف، حەسەن (١٩٨٥)، چیرۆکی نوێی کوردی، بەغداد.
- جەمال، سۆزان (٢٠٠٩)، سایکۆلۆژیەتی مێیەتی، دەزگای موکریان، چا. خانی، چا. یەکەم، دهۆک.
- حەسەن، د. ئیبراهیم (٢٠١٢)، ڕەنگدانەوەی کەلەپوور لە ڕۆمانی کوردیدا (باشووری کوردستان١٩٨٥-١٩٩١)، یەکێتی نووسەرانی کورد مەڵبەندی گشتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٢٠)، بەرەو ئەفسانەناسیی کوردی، کتێبی یەکەم 'قەدەغە شکێنی' داره ڕێی ئەفسانەی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
- حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٢٠)، بەرەو ئەفسانە ناسیی کوردی، کتێبی دووەم 'گەڕان بەدوای نەمریدا' لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری مێژوویی بەراوردکارییە لە نێوان ئەفسانەی (کوردی و فارسیدا). چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
- حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٢٠)، بەرەو ئەفسانەناسیی کوردی، کتێبی سێیەم 'پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی' لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری بەراودکاری شیکارییە لەنێوان ئەفسانە و (مێژوو) و (ئایین و فەلسەفە) و (زانست)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

- حەمە غەریب، سازان جەوهەر (٢٠١٩)، ئەفسانەی کوردی لەژێر ڕۆشنایی زانستی دەروونناسیدا- نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی .
- ڕۆژبەیانی، زاهیر (٢٠٠٨)، چیرۆکی هونەری کوردی، چاپی دووەم، خانی، دهۆک.
- ڕەسول، شوکریە (١٩٨٤)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، هەولێر.
- ڕەشید، سابیر (٢٠٠٧)، ڕۆمانی کوردی خوێندنەوە و پرسیار، چاپی ١، هەولێر.
- عەلی، بەناز (٢٠٠٦)، ڕۆمانی کەندالّی نەزر، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- عەلی، حوسێن سابیر(٢٠١٢)، ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆمانەکانی کاکەمەم بۆتانی دا، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- عەلی، ڕووناک سەلاح، هونەری فەنتازیا لە چیرۆکی نوێی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەلّات، هەولێر.
- فاروقی، عومەر (٢٠٠٢) 'ئەوێستا' نامەی مینەوی زەردەشت، وەرگێڕانی بۆ کوردی، عومەری فاروقی، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- سەراج، عەبدوڵڵا (٢٠٠٧)، بەرەو...ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- مۆرگان، لی، و هاوکارانی (٢٠١٤)، بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی، وەرگێڕانی، ساماڵ ئەحمەدی، دەزگای ڕۆژهەلّات، هەولێر.
- محەمەد، میران جەلال (٢٠٠٩)، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ڕەنج، سلێمانی.
- مونیف، عەبدولڕەحمان (٢٠٠٦)، تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان، وەرگێڕانی، شیرین ک.، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- یۆنگ، کارل گۆستاڤ (٢٠٠٥)، مرۆڤ و هێماکانی، و، ئاوات ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

**دووەم- سەرچاوە فارسییەکان:**

- استنفورد، جان (١٣٨٥)، یار پنهان، انیما و انیموس، ترجمه فیروزه نیوندی، تهران، افکار.
- اسماعیل پور، ابوالقاسم (١٣٩١)، اسطوره و بیان نمادین، تهران، سروش.
- الیاده، میرچا (١٣٦٨)، ایینها و نمادهای اشناسازی، ترجمه نصرالله زنگویی، تهران، اگاه.

- الیاده، میرچا (١٣٩٤)، رساله تاریخ ادیان، ترجمه نورالدین رحمانیان، تهران، اشتیان.
- ایدنلو، سجاد (١٣٨٧)، پهلوان بانو، مطالعات ایرانی، س٧، ش١٣.
- هینلز، جان راسل (١٣٩٥)، شناخت اساطیر ایران. ترجمه ژاله اموزگار و احمد تفضلی، تهران، چشمه.
- کمبل، جوزف (١٣٩١)، قدرت اسطوره، ترجمه عباس مخبر، تهران، نشر مرکز.
- فوردهام، فریدا (١٣٧٤)، مقدمەی بر روانشناسی یونگ، ترجمه مسعود میربها، چاپ٣، تهران، اشرفی.
- گورین و دیگران (١٣٧٠)، راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ترجمه زهرا میهن خواه، چاپ٤، تهران، اطلاعات.
- گورین و دیگران (١٣٨٥)، مبانی نقد ادبی، ترجمه فرزانه طاهری، چاپ٤، تهران، نیلوفر.
- سلمانی نژاد و همکارانش (١٣٩١)، بررسی و تحلیل چیستی و چگونگی ضهور کهن الگوی انیماو انیموس در شعر طاهره صفارزاده، زن در فرهنگ و هنر، دوره ٤، شماره ١.
- شمیسا، سیروس (١٣٧٢)، داستان یک روح، تهران، انتشارات فردوسی.
- مصطفوی، علی اصغر (١٣٦١)، سوشیانت یا سیر اندیشەی ایرانیان درباره اخر الزمان، تهران، امیر کبیر.
- مورنو، انتونیو، یونگ، (١٣٧٦)، خدایان و انسان مدرن، ترجمه داریوش مهر جویی، تهران.
- فوردهام، فریدا (١٣٧٤)، مقدمەی بر روانشناسی یونگ، ترجمه حسین یعقوب پور، تهران، اوجا.
- یونگ، کارل گوستاو ( ١٣٦٨) چهار صورت مثالی، ترجمه پروین فرامرزی، استان قدس
- یونگ، کارل گوستاو (١٣٧١)، روانشناسی ضمیر ناخود اگاه، ترجمه محمد علی امیری، انتشارات و اموزش انقلاب اسلامی.
- یونگ، کارل گوستاو (١٣٨٧)، انسان و سمبول هایش، ترجمه محمود سلطانییه، چاپ ششم، تهران، جامی.

**الملخص**

**المظاهر الاسطورية في رواية (هاوية النذر) لـ (بناز علي)**

يعد (اللاشعور الجمعي) للانسان النقطة الاهم في العلاقة بين الرواية والاسطورة. ثم تأتي بعد ذلك (الانواع القديمة – Archytype) كمبادئ أساسية للاساطير. وقد مهدّت التقارب بين هذين الجنسين الادبيين الطريق لظهور منهج نقدي حديث يسمى بـ (النقد الاسطوري) والذي يهتم بكيفية تمظهرات الاسطورة والانواع القديمة في النص الادبي. ويلاحظ القارئ لرواية (هاوية النذر) موضوع الدراسة، تمظهر العلامات والانواع الاسطورية القديمة فيها بالصورتين الجلية والخفية، مما يسهم في قراءة الرواية قراءة جديدة ومختلفة في آن واحد والتي تمثل هدف الدراسة المتمثلة في تحديد وتمييز الخصائص الاسطورية والانواع القديمة في الرواية وفق منهج النقد الاسطوري. قراءة رواية هاوية النذر وفق المنهج المذكور، يبين لنا، بالاضافة الى كشف العالم الاسطوري، سقوط وانهيار الآلهة المرأة. ويواجه تلك الالهات السيدات في الحياة المعاصرة صورا معكوسة لعالمهن السابق ويتغيرن رويدا رويدا ويفقدن صفاتهن الالهية، في المقابل يكسبن صفات انسانية لا حول لهن و لا قوة امام الرجل الذي ينظر اليهن بعين دانية ويمارس معهن العنف والاغتصاب الجنسي والقتل احيانا.

الكلمات الدالة: هاوية النذر، النقد الاسطوري، النوع القديم، السيدات الالهات، الزمان والمكان الاسطوري.

## Abstract

### The Mythological Forms in "Abyss Vow" Novel of Banaz Ali

The most important point of connection between the novel and fiction is the human 'collective consciousness'. Then there are “'archetypes “which are the main basis of fiction and fantasy. This connection between these two literary genres has led to the emergence of a new criticism called 'mythological criticism'. This type of criticism focuses on how myths and “archetypes' “appear in literary texts. In the novel “Kandali Nazr”, there are mythological signs and symbols in both visible and hidden forms, which can be read and interpreted to give a new reading of the text of the novel. The aim of this study is to identify the mythological characteristics of this novel based on mythological criticism. Reading the novel ““Kandali Nazr”” in this way, while revealing the mythical world, shows that one of the important principles of this novel is the departure and collapse of the goddess woman. In the modern world, these goddess women are confronted with the opposite image of their former world and gradually change and lose their goddess characteristics. Arya, because of the suspicion she was gifted by the evil during her birth, she stands against the mental image of a human being and as a result loses her strength and power and becomes a worthless girl and is violated by men and even attempted to rape and kill her.


**Key words:** Kandali Nazr, Mythological criticism, archetype, the ladies of Ezd, mythical time and place.